# حەفت نوێژ
# لەسەر دووگردی شیعردا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# حەفت نوێژ
# لەسەر دووگردی شیعردا

ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ



کتێب: حەفت نوێژ لەسەر دووگردی شیعردا
نووسینی: ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٨٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

**سوپاس و پێزانین:**

برای جوانەمەرگم ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ دوای کۆچە ناوادەی ئەم کتێبە و دیوانە شیعرێکی لە دوا بەجێ ما. خۆی لە دەفتەرێکدا ئامادەی چاپی کردبوون. منیش ئەم کتێبەم دا بە بەڕێز کاک بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەڕێزیشی بەخۆشەویستییەوە لێی وەرگرتم شایەنی سوپاسی بنەماڵەکەمانە.

عەبدولواحید حوسێن ڕەسووڵ

# چەمکی خۆشەویستی
# لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا

## پێشەکی

شیکردنەوە و باس لێوەکردنی لایەنی خۆشەویستی و چەمک و تێگەیشتنی لای (عەبدوڵڵا پەشێو)، ئەوەندە کارێکی ساکار نییە کە بۆ یەکێکی وەکو ئێمەمانان بتوانین بەو مەبەستە بچینە ناو ناخی شاعیر و هەوڵ بدەین سەرەتایەک بۆ دروستبوونی دەلالەتی خۆشەویستی و عیشق لە لای دەستنیشان بکەین و لەسەری بدوێین، چونکە ئەگەر بتوانین هەندێک لە واقیعی شیعرەکانی نزیک ببینەوە، ئەوا لە زۆر واقیعی تر دەستەوەسان دەوەستین و لە مەملەکەتی عیشقی ئەودا پێویستیمان بەهەمان هەستکردن بەژان و ژوور و ئەندێشەکانی هەیە، وەنەبێ هەر کەسێکیش کە بیەوێ باسی عیشق و سووتان بکا لای هەر شاعیرێ دیاردەی سەرکەوتوویی پێوە دیار نەبێ و نەتوانێ نموونە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە شی بکاتەوە و مانا و چەمکی عیشق لای شاعیرەکە تێنەگا و وەک تەلیسم لە ناو مێشکی بمێنێتەوە.



## چەمکی خۆشەویستی لە شیعری نوێی کوردیدا

بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چەمک و تێگەیشتنی خۆشەویستی و تێڕوانینی شاعیر، ڕوو لە شیعرەکانی دەکەین و نموونەکانی لێ وەردەگرین، تا پێناسەی خۆشەویستی لای شاعیر دەستنیشان بکەین و پێش چاوی بخەین.

لە شیعری (تابلۆی ژیانم)دا دەیەوێ کەڤاڵێکی ژیانی خۆی بکێشێ و گوزارشت لە خۆی بکات، لەپاڵ ئەمەشدا دەیەوێ باسی کاریگەری خۆشەویستی بکا لە ژیانی خۆیدا، کە لەم چوارینەدا دەردەکەوێ:

منم گەردانەی گەردەنی خەیاڵ
ساتێ فریشتەی جوانیم دێتە پاڵ
تابلۆی هونەرم بۆ ساز دەکاتن
بۆی دێمە بزە خرپە گڕ و گاڵ

ئەوکاتە باس دەکا و وەسفی ئەوە دەکا کە فریشتەی جوانی دێتە پاڵ، بێگومان ئەو فریشتەیەش چەند سیفاتی تێدایە و شاعیر دەیەوێ ئەوەش ڕوون بکاتەوە کە ئەم سیفەتانەی فریشتە جوانەکە وا لە شاعیر دەکا کە بێتە بزە، خرپە، گڕ و گاڵ. ئەو هەستەی وا دەکا کە ئەو هەموو کاردانەوەی هەبێ بەهۆی ئەوەیەوە کە تابلۆی هونەری بۆی ساز و ئامادە دەکا. لە سەرتاپای ئەم وێنە جوانەی کە شاعیر نەخشاندوویەتی، دەتوانین بڵێین پێشوازی کردنی لە خۆشەویستی پێشوازی کردنێکی سەرەتاییە، لە شیعرەکانی دواییدا وێنە شیعرییەکانی بەرەو بەهێز بوون دەڕوا. هەروەها ئەگەر باس لەزمانی شیعرەکەش بکرێ، ئەوە دەتوانین بڵێین زمانێکی سادە و ساکارە و لە ئاستی شیعرەکەدایە، ئەگەر بزانین گوتاری شیعری ئەو سەردەمە بەو شێوەیە بوو، وەک سەردەمی هاوچەرخایەتی ئێستا نییە، کە

زمانێکی قووڵ و گران بێ و پێویستی بەوردبوونەوە هەبێ لەپاڵ ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنە.

ئەوەی جێگای سەرنجە کە شیعرەکانی دیوانی (فرمێسک و زام) جیاوازییان لەگەڵ شیعرەکانی تری کە لە دیوانەکانی دیکە بڵاوی کردۆتەوە گەلێ زۆرە. چ لەبارەی بەکارهێنانی زیاتری کەرەستەی هونەری و شێواز و فەلسەفەدا، چ لەبارەی لێک گرێدانی بابەتە خۆشەویستییەکان و کوردایەتییەوە، بۆیە دەبینین ئافرەت و کوردایەتی و جیاوازی چینایەتی، هەمووی کەرەستەی نووسینی بوونە، وەک خۆی بەئاماژەیەکی کورت لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوکاری دەڵێ: (جاران بێ دەنگ دەگریام، ئێستا دەنگم دەردەچێ). ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنیشە ئەوەیە کە شاعیر زۆر بەسانایی و لە بەرائەتی یەکەم جاری ڕۆچوونە ناو دنیای عیشقەوە دەستی پێ کردووە، کە بەرائەتی عیشقێکی پاک و دڵسافی لێ دەڕژێ، ئەو بەرائەت ڕژانەش زۆر توندتر و خێراتر دەبێ، هەروەک لە شیعری (خۆفرۆش)دا ڕەنگ دەداتەوە، کە ڕوودەکاتە ئەو کچەی خۆشی دەویست، ئەویش هەموو سامانی خۆشەویستی خۆی لە خۆفرۆشتن بەبرێ پارە دەبینێتەوە، ئەوەتا شاعیر لە فەزایەکی پڕ دەنگ بەرزکردنەوەیەکی شاعیرانە کە هەموو مانایەکی ئەدەب و شکۆدارانەی شاعیرانەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە:

کیژۆڵەی دڵگیر ئەی لەخۆبایی
بۆچی دەمکوژیت، بەناڕەوایی
بۆچی دڵ ڕەقی بەرامبەر بە من
کە بت پەرستم، هەتاکو مردن

عاشقی دڵ سووتاوی پڕ سۆ بەکۆمەڵە پرسیارێکی عاشقانە هێرش دەکاتە سەر کچە خۆشەویستە بێ وەفایەکەی کە لەخۆبایی بووە پاش خۆ



فرۆشتن بەبرێ پارە و هەموو مانایەکی خۆشەویستی و وەفاداری خستۆتە ژێر پێی و بە دیواری زەمەنێکی دڵڕەقی داداوە. ئەو پرسیارانەش بۆنی سووتان و دڵ کرووزانی لێ دێ لە کاتێکدا شاعیر زۆر بوێر و ئازایانە پرسیارەکان دەکات و چاوەڕوانی وەڵامدانەوەش ناکا، چونکە لە هۆیەکەی گەیشتووە:

دەزانم بۆچی دڵ پڕ لەقینی
لە چەقی ڕێگا چاوت نابینی
چونکە لاوێکم دڵپاک و وەفادارم بۆت
شەوانی تاریک لە ئازارم بۆت
چونکە لاوێکم ڕاستم فێڵباز نیم
چونکە چاوباز نیم بەفیز و ناز نیم
چونکە جل ڕەنگاوڕەنگی جادە نیم
چونکە قومارچی و فێرە بادە نیم
چونکە نازانم نەکەم و نە زۆر
ڕووم ماکیاج بکەم هەر ڕۆژ بەسەد جۆر

هەموو ئەو سیفەتانە دەژمێرێ کە کچێکی هەڵخەڵەتاو بەسامان و جوانی دنیا پێی هەڵدەخەڵەتێ و خۆشی و شادی پێوەندی نێوان کچ و کوڕی تێدا دەبینێتەوە. لە سەرەتاشدا کچەکە ئەو ڕێسایەش نازانێ لێی غافڵە کە هەموو سامان و هەبوونی جیهان ناتوانن بزەیەک، شادییەک، خورپە و خۆشییەک، بۆ دڵە مردووەکان و چاو بەفرمێسک و دڵ شکاوەکان بکڕێ، یان هیچ نەبێ بتوانن جار بەجاریش بێ، بەشدارییان پێ بکەن لەگەڵ ئاهەنگێڕە درۆزنەکانی عیشق. جا لەبەر ئەوەی شاعیر ناتوانێ وەک ئەو درۆزن و هەڵخەڵەتێنەر و فێڵبازانە بێ و هەر ساتێکی بەجۆرە جلێکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر جادەکان چاوەڕوانی بکا و ڕاوی دڵە تێنووەکان بکات

و کار و پیشەی قومارچی بێ بەهەموو شتێ لە دڵپاکی و وەفاداری هی ئەو کەسەی خۆشی دەوێ و لەپێناویدا لەشەوانی تاریک لە ئازار دەبێ بۆی. شاعیر لەبەر ئەوەی ناتوانێ هەموو ڕۆژێ ڕوو و دەم و چاوی بەسەد جۆرە ماکیاج و دەمامک داپۆشێ و هەر ڕۆژ بەچەندەها جۆرێ، بۆیە ئەو کچە شاعیری ناوێ، بەڵکو (دون جوان)ێکی دەوێ کە ئەم سیفەتانەی تێدابێ:

دون جوانێک نیم سینگ دەرپەڕێنم
لە سینەماکان تێر بتگەڕێنم

ئاشکرایە کە یەکێ لەو دەردە کوشندانەی کە تووشی کۆمەڵگای ئێمە بووتەوە و لەسەر هەموو ژیانی ڕۆژانەماندا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەیە، کاتێ کوڕێکی هەژار دەیەوێ کچێ بکا بەهاوسەری ژیانی دواڕۆژی دەبینین، چونکە هەژارە و خاوەن تەلار و کۆشک نییە و بەندەی سەربەرزییە و بەندەی دۆلار و دینار نییە و لەجیاتی سامان و پارە دڵێکی تانەمانی پێشکێش کردووە کە پڕیەتی لە وەفاداری و خۆشەویستی، ئەمەش لەلای شاعیر لە هەموو سامانی دنیا بەنرخترە، چونکە لەناوناچێت و کۆتایی نایێ و هەردەم گەنجینەیەکی نەمر و لەبەرچاوە. مرۆڤ چی لەپارەو سامان بکات لە کاتێکدا دڵ و دەروونی ئاسوودە و گوشاد نەبێ. مرۆڤ چی لەپارەو سامان بکات کە خۆی دۆڕاند. بۆیە کچە لە خۆباییییەکە شوو بە کوڕەکە ناکا و دڵەی پڕ زامداری پڕ سۆتر دەکات. ئەوەتە شاعیر ئەو هۆیەی بەشیعر ڕوون کردۆتەوە:

چونکە هەژارم خاوەن تەلار نیم
بەندەی سەربەرزیم بەندەی دینار نیم
چونکە لە جیاتی دیاری یا سامان
پێشکەشم کردی دڵێک تا نەمان



لە کۆتایی شیعرەکەی هەمان مەبەستی پێشوو دووبارە دەکاتەوە کە پوختەی مەبەستی شیعرەکە دەستنیشان دەکا:

بەڵێ بۆیە تۆ دڵ پڕ لە قینی
لە چەقی ڕێگا چاوت نامبینی

وەنەبێ ئەو دەردە کوشندەیە هەر لە سەردەمی شاعیردا هەبووبێ، بەڵکو لەسەردەمی ئێستاشدا هەیە و بەردەوامە و سەردەم بە سەردەم ڕۆیشتووە، چونکە ئەوەی تێبینی کراوە لەم کۆمەڵگایە داتەپیو و دواکەوتووەی ئێمەدا ئەوەیە، کە شتە نالەبارەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بوون و تەشەنەکردن و برەوو بازاڕی هەردەم گەرمە و لایەنە لەبارەکانیشی وەک وەفاداری بۆ نموونە هەموو کات دەرگاکانی ژیانی بەسەر داخراوە، بۆیە پاشکەوتن و پێشکەوتنی میللەت بەو پرانسیپانە بەستراوەتەوە، جا ئەو لایەنە لەبارانەی کە لە کۆمەڵدا هەنە لە کاتێکدا برەویان نەما کۆمەڵگا بەرەو نەمان و لەناوچوون و شڵەژان دەبەن و ئافرەت وا لێ دەکەن چاوی لەبەرامبەر هەموو داخوازییەکانی دڵ بنووقێنی و ڕوو بکاتە پارە و سامان و ماناکانی خۆشەویستی بشێوێنێ. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ سەری خۆی هەڵدەدا.

ئایا شاعیر هەر بەم شێوەیە ڕەشبین بووە بەرامبەر بەمەسەلەی خۆشەویستی، دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە بەوەی بڵێین: ڕەشبینی شاعیر بەرامبەر خۆشەویستی وەک لە شیعری (خۆفرۆش) دیارە، ماناکەی ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر لە سەرجەم شیعرەکانی ڕەشبین بووە، بەڵکو زۆر شیعری هەیە کە دەربڕین لە خۆشەویستی و ژیانی خۆشەویستی دەکات و دەیەوێ بیسەلمێنێ کە دەتوانێ بەهۆی خۆشەویستی ڕاستەقینەوە جیهان و ژینگەیەکی خۆش دابمەزرێنێ کە هەموو دڵەکان تێیدا ئاسوودە بن و خەون و ئاواتەکانیان بهێننەدی:

توخوا گیانەکەم لەگەڵ بەیان زوو
بمگەینە کۆشکی بەرزی ئارەزوو
وەک پەیکەرێکی دەسکردی خوایی
بمخەرە ژینی پڕ دڵنیایی

لێرەدا بانگەوازی یارەکەی دەکا کە بەیانی زوو بێتە لای و بیگەیەنێتە کۆشکی بەرزی ئارەزووەکان، ئەو ئارەزووانەی کە بەبێ بوونی ئەو ناتوانێ بیگاتێ و بەدەستی بهێنێ، بۆ ئەوەی بیخاتە ناو ژیانێکی پڕ خۆشی و گوشاد بۆ شاعیر دروست دەبێ کە خۆشەویستەکەی لەگەڵ بۆلێڵی بەیانی بێ و دەستی بگرێ و بیباتە کۆشکی بەرزی ئارەزوو، ئەگەر ئەمە شتێ بگەیەنێ، ئەوە دەگەیەنێ کە هەر بەدیتنی دڵخواز شاعیر هەموو ئارەزووەکانی دێتە دی و دەکەوێتە ناو ژیانێکی پڕ ئاسوودەیی، کەواتە مرۆڤ لەژێر سێبەری خۆشەویستی ڕاستەقینە دەحەسێتەوە و تێرایی دێتەوە و ئارەزووەکانی تێر دەبێ.

شاعیر هەر بەوەندەش ناوەستێ بەڵکو داوا لە خۆشەویستەکەی دەکا هەر بەچاوی پڕ خەو و بەپۆشاکی فریشتەی خەو، هەناسەیەکی تر بخشێنێتە سەر پەڕەی گوڵی ژیان، کە دیارە هەناسە بەخشینەوەش بەهێمای دووبارە ژیانەوە دێتەوە.

ئەو ژیانەوەیەش لەگەڵ خەندەیەکی پاکی بێ گرێ، موچڕکێک دەخاتە سەر دڵی شاعیر و دیل ئاسا دەیگرێ، لەپاڵ ئەمانەشدا داخی شەوی درێژ کپ دەکا و خرپەی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ:

وەرە بەر دەرگا بەچاوی پڕ خەو
هەر بەپۆشاکی، فریشتەی شەو
هەناسەیەکی بۆن خۆشی لێوان



بخشێنە بەسەر پەڕەی گوڵی ژیان
بەخەندەیەکی پاکی بێ گرێ
مووچڕک دڵم وەک دیل بگرێ
تا کپ کا داخی شەوی درێژم
کە خرپەی دڵم بۆت هەڵدەڕێژم

ئەگەر تەماشای شیعرەکە بکەینەوە، دەبینین ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە شاعیر تێیدا داوای لە خۆشەویستەکەی دەکا تۆزێ ببێتە هاوڕێی شەوانی ناخۆشی و نارەحەتی ژیانی لە بیر بباتەوە و هەوڵ بدا گوێی لێ بگرێ تا چی لەناو دڵی دایە بەپەنهانی و کپی کردووە و دەیەوێ هەڵیبڕێژێ، بەهەمان مەبەست لە شیعری (لە بەردەرگە) ڕەنگی داوەتەوە کە شاعیر لە شەوێکی ڕاشکاودا دەچێتە پێش دەرگەی دڵی خۆشەویستەکەی تا بۆ تاقە شەوێکیش بێ ببێ بەهاوڕێی:

شەو ڕاشکا
ئەژنۆم شل بوو
مانگ بەتاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا
دەرگەکەتم لێ بکەوە
بۆ چنینی چەپکە نێرگزێکی چاوت
بۆ نووچدانێ
بۆ خەونێ تۆزێ گریانێ
لە سەر هەوری قژی خاوت

لە هێمنی شەو کە ڕادەکشێ و مانگ هەڵدەپڕووکێ، شاعیر دەبینین لە پێش دەرگای خۆشەویستەکەی ڕاوەستاوە و ئەژنۆی شل بووە، کەچی ئەو دەرگاکەی لێ ناکاتەوە، وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووە و بەخەیاڵی دانایێ و دڵە ڕەقەکەی تۆزێ نەرم بکا و سۆزی لێ بڕژێ و دەرگای دڵی بۆ بکاتەوە.

له کاتێکدا باش دەزانێ مرۆڤ له کاتی تەنگانەدا پەنا بۆ خۆشەویستترین کەس دەبا کە تێی دەگا و ئەمیش لەو دەگا و زەمینەی تێگەیشتن و ئاوێزانبوونی دڵەکانیش لەبارە و دەتوانن دال و مەدلوولەکانی گفتوگۆی یەکتر بخوێننەوە. ئەوەتا شایی عیشق بۆ چنینی چەپکە نێرگزێکی چاوی یارەکەی هاتووە، لەگەڵ نووچدانێ، خەونێ، تۆزێ گریانێ لەسەر هەوری قژی خاوی یارەکەی کە بۆ ئەوەی دڵی پڕ ئێش و زامداری ئۆقرە بگرێ و دابمرکێ و ئەندێشەی چەند ساڵانی دابمرکێ و برینەکانی سارێژ ببێ، لە پاشان بەدەنگێکی بەسۆزەوە هۆی هاتنەکەی لەم شەوە تاریکەدا ڕوون دەکاتەوە:

لەگەڵ سیمای مناڵیما
لەگەڵ خەمی شۆڕەبیما
هاتووم و ناگەڕێمەوە
یا پێت دەگەم
یا وەک مۆمێک دەسووتێم و دەتوێمەوە

تروسکەی شاری یادگارییەکانی ڕابردووی خۆشەویستی بانگی کردووە لەگەڵ سیمای منداڵی و خەمە شۆڕەبییەکان کە دارێکە و لکەکانی شۆڕەبێتەوە، کە دەیەوێ غەمی خۆی وەک شۆڕەبی لێ بکا لە درێژبوونەوە و شۆڕبوونەوە بە ناو ئازار و ناخۆشییەکانی لێکدابڕانی لە یارەکەی، ئەمانە تێکڕا وای لێ کردووە بڕیارێک بدا، یان بە دیداری دڵی شاد دەبێ و چەپکە نێرگزی چاوەکان و نووچدان و خەون و تۆزێ گریانی بەدەست دەهێنێ، یان وەک مۆمێک دەسووتێ و دەتوێتەوە.

گەیشتن بە یار = چەپکە نێرگزی چاو + نووچدان + خەون + تۆزێ گریان

نە گەیشتن بە یار = توانەوە ئاسا تا نەمان و مردنی



کە لەم دێڕەی دواییدا شاعیریەتی بەرجەستە دەبێ کە خۆی دەکاتە مۆم و ئەو شەوە تاریکە ڕووناک دەکاتەوە تا دادەمرکێتەوە لە پێناوی گەیشتن بە دیدار، هەر بەمەندەش ڕاناوەستێ، بەڵکو دووپاتی دەکاتەوە:

دەرگەکەتم لێ بکەوە
هەر دڵدارەکەی جارانم
هەر کێڵگەکەی بەر دەرگەکەتم
هەر تێنووەکەی کرێوە و لێزمەی بارانم

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە شاعیر نەگۆڕاوە و ئەم خۆشەویستی ناکا لە پێناوی چەند ساتێکی کورت بۆ گەیشتن بە مەرامێکی تایبەتی خۆی، کە مەرام و نیازەکەی بۆ جێبەجێ بوو لە ناوەڕاستی ڕێگای ژیان دڵدارەکەی بەجێ بهێڵێ و ژیانی بکاتە دۆزەخ و ژیان و ژینگەی لێ تار و بێزار بکا تا لە خۆشی بێزار ببێ، بەڵکو هەر دڵدارەکە و کێڵگەکە و تێنووەکەی کرێوە و لێزمەی بارانەکەی جارانە و نەگۆڕاوە و لەمەشدا چەقی جەمسەری وەفاداری پیشان دەدات کە لە ناو لاوەکانی ئەو سەردەمەی ئێمەدا دەگمەنە و خۆشەویستی زۆربەیان تەنیا بۆ گەیشتن بەمەرام و مەبەستی دیاریکراو و ئارەزووی منداڵانە و هەرزەکارانە دەڕوانە ئەو بابەتە گرنگ و چارەنووسییە لێکدانەوەکانیان وەکو هەتاوی زستان زوو دەڕەوێتەوە، بۆیە لەلای شاعیردا باشترە کچێک بەلابنێ لەوەی گاڵتە بەهەست و سۆزی بکەی، چونکە بەو مانایە دێ ژیانی تێک بدەی و نەوەیەکی داهاتووش بشێوێنی و داهاتوویان ڕەش بکەی، بەڵام ئەوە ئاگاداری شاعیر نەبووە و نییە، بەڵکو ئەم بۆ شتی لەمانە پیرۆزتر هاتووە:

شەو ڕاشکا
ئەژنۆم شل بوو
مانگ بەتاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا

دەرگەکەتم لێ بکەوە
دار و بەردی بەر دەرگەکەتان هاتنە تکا

دووبارە باسی شەو ڕاشکان و ئەژنۆ شل بوون و هەڵپڕووکانی مانگی کردووە – کە دیارە بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشان و دەستەمۆکردنی سۆزی کچەکە وا دووبارەی کردۆتەوە – کەچی دڵدارەکەی دەرگای لێ ناکاتەوە، کە لە ئەنجامدا دار و بەردی پێش دەرگاکەیانی بە زمان هێناوە، ئەم گوزارشت لێکردنە لەم دێڕەی کۆتایی تامێکی شاعیرانەی بەخشیوە بەشیعرەکە لە کاتێکدا جێگای خۆیەتی ئاماژەی بۆ بکرێ کە شاعیری سەرکەوتوو ئەو شاعیرەیە کە دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ وشەکان بەشێوەیەکی ئیستێتیکی بکا و هەریەکەیان لە شوێنی دیاریکراو دابنێ و گیانی ئەو سەردەمەیان بەبەردا بکا، کە لەمەشدا ئەو دەستەواژانەی لە ژیانیدا هەیە زۆرن و بەکارهێنانیان لە شیعردا وێنە و نموونەی شیعری جوان دروست دەکەن.

لە زۆر شیعری تردا ئەو جۆرە مامەڵانەی کردووە و سەرکەوتووانە لەگەڵ ئەو دیاردانەی، یان دەستەواژانەی کە لە ژیانی خۆیدا هەبووە، لە شیعرەکانیدا بەکاری بردوون:

بتێک بووی دەسکردی خۆم کڕنۆشم بۆ دەبردی
لە ساتی تەنیاییما سکاڵام بۆ دەکردی
بەڵام ئەمڕۆ لە دەورت کۆمەڵێ کڕنۆش بەران
تفری نەخشی پیرۆزی پەنجەی منیان هەڵوەران
شێلایان ئەو شۆخییەی جێی سەرنج بوو بۆ هەڵبەست
ژەنگیان خستە ئەو دڵەی پرد بوو بۆ ژێر پێی مەبەست
کە وابێ تۆ دارشتەی دەستم بی و بۆ من نەبیت
ئیتر بۆچی لە ژێر پێم ئەنجن بەئەنجن نەبیت



لەم شیعرەیدا شاعیر مامەڵەیەکی زۆر واقیعییانەی لەگەڵ مەبەست و چەمکی خۆشەویستی و دەستەواژەی خۆشەویستیدا کردووە، لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە بە بەشێک لە دانپیانانی تایبەتی خۆی دەژمێردرێ بەرامبەر بەیارەکەی، کەچی لە ڕێگای شیعرەکەیدا بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ نائومێدی کردووە، لە مەبەستی ئەوە دەخوێنینەوە کە بەفیڕۆدانی ئەو هەموو ماندووبوونەی دەگەینێ، کە لە پێناوی خۆشەویستەکەی کێشاویەتی کە ببووە خەمڕەوێنێک بۆ شاعیر و لە ساتەکانی تەنیاییدا شاعیر پەنای بۆ دەبرد، کە کەس نییە گوێ لە سکاڵاو گلەییەکانی بگرێ لە زەمەنە جەنجاڵەکەی شاعیر، ئەم سکاڵای بۆ دەبا، کەواتە دڵدارەکەی لێرەدا زیاتر وەک سەرچاوەی خەمڕەوێن و دڵدانەوە بەرجەستە کراوە، نەوەکو سەرچاوەیەکی حەسانەوەی سێکسی، کەچی هەر ئەو سەرچاوەیە مامەڵەیەکی تری لەگەڵ دەکرێ، لە کاتێکدا بەدەستی خۆی وەک بتێک دروستی کردبوو خۆشی کڕنۆشی بۆ دەبرد و خۆشەویستانە دەیپەرست، کەچی ئەمڕۆ کۆمەڵێ کڕنۆش بەران و فێڵبازان و فرۆشیارانی عیشقی پاک، تفری نەخشی پیرۆزی پەنجەی شاعیریان لەسەر دڵخوازەکەی هەڵوەراند، کە بەمەندەش ڕانەوەستان بەڵکو شۆخی ئەو خۆشەویستەی شاعیریان شێلا کە بۆ مەبەستی سەرنج بوو بۆ شیعر لە لای شاعیر و ژەنگیان خستە ئەو دڵەی کە پرد بوو بۆ ژێر پێی مەبەستی شاعیر.

ئەوەی ناحەزانی عیشق مەبەستیان بێ بۆ لێککردنی دوو دڵدار، تەنیا بەهەوڵدان بۆ گۆڕینی دڵەکان جێبەجێ دەکرێ، ناحەزان ناتوانن جوانی و شۆخ و شەنگی کچەکە لە دڵی کوڕە لاوە خۆشەویستەکەی بسڕنەوە، چونکە هەموو ئاسمانی دڵی ئەو بەئەستێرەی جوانی کچەکە ڕازاوەتەوە، لە کاتێکدا ئەو کچە، یان کوڕەکە هەڵوێستی خۆی لەدەست دا و نەیتوانی بڕیاری چارەنووسی یەکلاکەرەوە بدات، ئەوا بەئاسانی دەتوانن دڵیان لەسەر یەکتر بگۆڕن، ئەگەر گۆڕینەکەش لە لایەن کچەکە بوو ئەوا وەک

چارەنووسی کچەکە و خۆشەویستییەکەی لای کوڕەکە بەو شێوەیە دەبێ کە شاعیر باسی دەکا:

که وابێ تۆ دارشتەی دەستم بی و بۆ من نەبیت
ئیـــــتـــــر بۆ لە ژێر پێم ئەنجن بەئەنجن نەبیت

ئەمەش ئەنجامی هەموو هەڵوێست گۆڕینێکە لە هەر لایەکیان بێ، بەم شێوەیەش چیرۆکی خۆشەویستان کۆتایی دێ و هەموو شت دەبڕێتەوە.

لە هەمان باردا لە شیعری (نیازێک هەڵوەری)دا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بەنەخشاندنی وێنەیەکی جیاواز:

لە شیعرێکی خەمڕەوێنا
لە دەفتەری بچکۆڵەی بیرەوەریما
لە هەزاران شادەمار و مێشک و خوێنا
تۆمار دەکەم سەرگوزەشتەی
ئەو مێخەکەی
چەنەم شل بوو ئەوەندەی شیعری بۆ بڵێم
لە لەدواییشدا کە بایی بوو
هەڵم وەراند خستمە ژێر پێم

لەم هەڵوێستەدا شاعیری خاوەن هەڵوێست و یەک بڕیار هەڵی بوەرێنێ و بیخاتە ژێر پێی، چونکە خۆشەویستی بەزۆری زۆردارەکی ناکرێ و هەموو جیهان کۆ ببێتەوە ناتوانن دڵێک وا لێ بکەن یەکێکی خۆش بوێ کە لە خۆبایی بێ و ئەو کوڕەی کە خۆشی ویستووە وەک هیچ نەبوویەک تەماشای بکا و هیچ ڕێزێک بۆ هەست و سۆزی دانەنێ و ڕێز لە هەست و نەستی نەگرێ و هەموو کات وا هەست بکا کە کوڕەکە سووتاوە، برژاوە، ئاگری تێ بەربووە، تا بێتە لای و کرنۆش ببا کە هێمای زەلیل بوون دەگەیەنێ.



لە کاتێکدا شاعیر بەهەڵوێستی پۆڵایین بەرامبەر ئەو جەنگە دەروونییەی خۆشەویستەکەی بۆتەوە، هەر لە شیعرێکی دیکەی بەناوی (لە دەستم دێ)دا دەیتوانی هەموو ئەو نهێنییانە باس بکا کە لەگەڵ کچە بێ وەفا و هەڵخەڵەتاوەکەی ئاشکرا و ڕیسوای کۆڕی عاشقانی بکا تا ببێ بەپەند بۆ هەموو ئەوانەی کە گاڵتە بە سۆز و هەستی عاشق دەکەن و بەناوی پیرۆزی عیشقەوە لەسەر مێزی قوماردا قومار بەچارەنووسیان دەکەن، کەچی ڕقی پیرۆزی شاعیر ڕێگای نەداوە ئەو شتانە بکا و هەردەم بەچاوێکی ڕێزەوە ڕوانیویەتە ئەو ڕابردووە و خۆی بەمرۆڤێکی بێ ئەزموون و دڵڕەق و قینهەڵگر پیشان نەداوە، ئەگەر لە کاتێکدا بزاندرێ کە ڕقی شاعیر ڕقێکی پیرۆزە و بەرزە و لەسەر هەموو مانایێکە و قین هەڵناگرێ و خۆشەویستی و مانا پیرۆزەکەی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکار ناهێنێ، دەشزانێ هەموو جیهان پڕی کچە، بەڵام ئەم لە دوای کچێکی وا دەگەڕێ کە پێش ئەوەی لەگەڵ شتی تری شاعیر تێکەڵ بێ لەگەڵ گیانی تێکەڵاو دەبێ:

لە دەستم دێ
کاتژمێری کامەرانیت بووەستێنم
لەدەستم دێ
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم
نامەی بەختت بسووتێنم

تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێ:

بەڵگەم پێیە
هەزاران بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون
بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوە بوون

لە ئەنجامدا ڕقی پیرۆزی شاعیر وای لێ دەکا بیر لە هیچ نەکاتەوە چونکە:

خۆشەویستیت
نەهەنگێکە
خوێنی هەڵچووم دەخواتەوە

ئافرەتیش دەبێ ئەو هەڵوێستەی شاعیر بنرخێنێ و هەست بەوە بکا کە هەستی شاعیریش زۆر جیاوازە لەگەڵ هەستی کەسانی ئاسایی تر، شاعیر پێش ئەوەی جوانی و سامانی ئافرەتەکەی بوێ، گیانێکی پڕ هەستی ناسکی گەرەکە و دەیەوێ لە دوای ئافرەتێک بگەڕێ لەگەڵ گیانی بدوێ. کاتێ ئەو ئافرەتەی دیتەوە ئەوا دەوڵەمەندترین کەسە و ئاوڕ بۆ کچێکی تر ناداتەوە تەنیا حیساب بۆ ئەو ئافرەتە دەکا کە خۆشی دەوێ و لە پێناوی ئەودا دەژی و دەمرێ. بەمەش ئامانجەکانی خۆشەویستی دێتەدی و کوڕ و کچەکە دەگەنە نوختەی پێگەیشتن و لێکحاڵی بوون، کە ئەو پێگەیشتنە گیانییەش ڕووی دا، کۆتاییەکەشی بەخۆشی دەبێ. دەتوانن ژیانێکی خۆش و شاد پێک بهێنن و وەچەی نوێ بۆ ژیان بەرهەمبهێنن.

وەنەبێ شاعیر هەر لەم بوارانەدا کاری کردبێت، بەڵکو زۆر شاعیرانە پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە شاراوانە هەڵدەداتەوە کە لە چاوی کچی خۆشەویست ڕەنگ دەداتەوە، هەڵسوکەوتی کچە ئاشکرا دەکا و لە کچەکە دەگەینێ کە خۆشەویستی ناتواندرێ بشاردرێتەوە، بەڵکو لێرەدا لیبراڵی و سەربەستییەک دەداتە بابەتی خۆشەویستی کە لە هەست و هۆشی ئەو کەسە سەر هەڵدەدا کە کەوتۆتە ناو دونیای خۆشەویستی، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە خۆشەویستییەک بێ لەو بابەتانەی کە کەس ناتوانێ بیشارێتەوە:

شەرم مەکە بەناوی ڕووت
ناوم بێنە پڕ بەگەرووت
با لە یەکتر ئاشکرابین
تا کەی لە ناو ئاگرابین



نە تۆ (خوشکە)ی نە من (کاک)م
خۆشەویستی دەروون پاکم

لێرەدا بابەتێک دێتە گۆڕێ جێگای خۆیەتی ئاماژەی بۆ بکرێ، کە پەیوەندی بەدەروونناسی جووڵانەوەی مرۆڤ هەیە، ئەویش کە پیاو ناتوانێ خۆشەویستی خۆی بۆ یەک دەقیقەش بشارێتەوە، کەچی ئافرەت بە پێچەوانەوە خۆشەویستی خۆی پێ دەشاردرێتەوە و ڕقی خۆی پێ ناشاردرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە دەتواندرێ لە شیعری (کاک) وەربگیرێ، کە هەرچەندە کچەکە هەر بەکاک ناوی شاعیری دەهێنا، بەڵام شاعیر گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە ئەو خۆشی دەوێ، بەڵام شەرمی کچانە و ترسی لە کۆمەڵ و نەوەک ئەگەر بەشاعیری وت و بەناوی ڕووت ناوی هێنا ئەوا شاعیر بەچاوێکی سووک تەماشای بکات، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی ئاشکرایە کە زەمینە بۆ خۆشەویستی تەسکە و لەبار نییە و کەسایەتی کچەکە لەسەر ئەوە ڕادەوەستێ کە هەتا مێرد دەکات خۆی لە هەموو شتێک بپارێزێ، بەتایبەتی لە مەسەلەی خۆشەویستی، کە زۆر تێڕوانینی تەسک و نائاشکرای تێ ئاخندراوە. ئەگەر بیەوێ بشێکات دەبێ بەنهێنی بێ، ئەگەر نا ئەوا کچەکە بەچاوێکی سووک تەماشا دەکرێ و زۆر جار دەگاتە ئەو قۆناغەی کچەکە دەمێنێتەوە، کە بەم شێوەیەش کۆمەڵ تاکێک لە دەست دەدا، ئەمەش چارەنووسی هەموو جیهانە و ناتوانین لێی دەربازبین ئەگەر بمانەوێ هاوسەری ڕاستەقینەی خۆمان هەڵبژێرین کە پێش ئەوەی لەگەڵ پارە و سامانمان بدوێ لەگەڵ گیانمان تێکەڵاو ببێ و هەر چۆنێک بێ، دەتوانین هیچ نەبێ بەشداری هیوا و خۆزگەی شاعیر بکەین لە کەمکردنەوەی ژان و ژوور و ناخۆشییەکانی لەوەی هەرکەس لەلای خۆیەوە ڕاستگۆیانە و بێ پەردە پێوەندی لەگەڵ یەک ساز بدەین. شاعیر لە زۆر ڕەفتاریدا دەیەوێ مامەڵەیەکی ساکار و بێ زۆر لە خۆکردن لەگەڵ ئەڤیندارەکەی بکا و پێناسەی خۆی بۆ بکاو خۆی

بناسێنێ، بەسادەیی وەک ناوی نیشتیمانەکەی کە کوردستانە، لێرەدا ئەو پێکەوە گرێدانەی شاعیر لەگەڵ نیشتیمانەکەی بەهرەیی و سەلیقەیی شاعیر پیشان دەدا، کە دەشیەوێ بڵێ (من + کوردستان) ئاشکرا و ڕوونین و شتی زیادمان نییە و لە بابەتەکانی ڕیاکاری و خۆبەزلزانی و خۆشاردنەوە لەژێر پەردە و دەمامک و نازانین:

بەڵێ سادەم
سادەم و هەر سادەش دەبم
وەکو ناوی نیشتیمانم

شاعیر زۆر ڕاستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵ خۆشەویستەکەی کردووە، بۆ شاعیرانی ڕوون کردۆتەوە کە ئەم هەردەم سادە و ساکارانە دەمێنێتەوە.

شیعری سەرکەوتوو ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕاستگۆیانە شتەکان دەربڕین، کە شاعیر بە ڕاستی توانیویەتی ئەو خاڵە بپێکێ و شیعرێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێ، ئەوەتا شاعیر چۆن خۆشەویستەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە لێی نەگۆڕێ و بێتە لای و خۆشی بوێ، چونکە نایەوێ درۆزن و فێڵبازی و سادەیییەکەی خۆی بدۆڕێنێ و هەستی ئەو بشێوێنێ و قومار بەگەورەترین و پیرۆزترین شت بکا کە هەستی خۆشەویستییە:

هەموو ڕۆژێ
خوێنی (زین)ێک لە خەنجەرم دادەچۆڕێ
گەربێیتە لام وریای خۆت بە
خۆشت نەویم لێت نەگۆڕێ

زۆر کەس زۆر ناڕاستگۆیانە و بەدڵێکی ناپاک دەیانەوێ خۆشەویستی بکەن و هەر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان پێوەندی لەگەڵ ئافرەتەکە دەبەستن و تەنیا تەماشای ئافرەتەکە دەکەن وەک ئامرازێکی شەهوەت و سێکس بازی، بەڵام شاعیر ئەو شتانە قبووڵ ناکا و زۆر ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ



ئەو کچە دەکا کە خۆشی دەوێ و دەیەوێ پێی بڵێ کە ئەو خۆشی ویستووی وەک ئاسمان کە چەند دوورە ئەوی بەئەندازەی ئەو دوورییەی نێوان ئاسمان و زەوی خۆش دەوێ و بەقووڵایی دەریا و بەقەد قووڵی گشت دەریاکان، هەروەها دەیەوێ خۆشەویستەکەی بەنووسراوێک بچوێنێ کە دێڕێکی بەقەد تاڵی پەرچەم بۆ ماوەی پێکەوە بوونیان دەیخوێننەوە، ئەوەتا شاعیر چەند باڵی بیری لێکدەدا کەچی نە تێر دەبێ و نە دەشتوانێ بیخوێنێتەوە، خۆشەویستی ڕاستەقینەش ئەوەیە هەموو ماناکانی لە خۆ گرتبێ و خۆشەویستەکانی هەموو کات و ساتێ نە لە دیتن و قسەی یەکتر تێر نەبن و نە بەتەواویش لە یەکتر بگەن.

بەم شێوەیەش خۆشەویستی بەردەوام دەبێ و هەموو ڕۆژێ زیاتر نوێ دەبێتەوە و شتی نوێی لێ دێتە بەرهەم.

خۆشەویستی واش هەیە کچەکە بەئەندازەی ساڵێک دوازدە وشە ناچرپێنێتە گوێی کوڕەکە، زۆر قسەکردنیش مانای خۆشەویستی نییە، بێدەنگی جۆرێکە لە خۆشەویستی. شاعیریش ئەو بیر و باوەڕانەی سەرەوەی لە شیعری (خۆشم ئەوێی) چڕ کردۆتەوە، کە سروشتی کۆپلەی یەکەمی لە گۆرانییەکی گۆرانیبێژی عەرەبی فەیرووز وەرگرتووە:

خاتوونەکەم
بیستوومە ئاسمان چەند دوورە
من بارتەقای دووری ئاسمان
خۆشم ئەوێی
گیانەکەم تۆ نووسراوێکی
دێڕت بەقەد تاڵی پەرچەم
من چوار ساڵە ئەتخوێنمەوە
چەند باڵی بیرم لێک ئەدەم
نە تێر ئەبم نە تێت ئەگەم

زۆرجار ڕقی پیرۆزی شاعیرانە تەنیا ڕەخنەی لە کۆمەڵ پێدەگرێ، بەڵام ئەو شیعرانەی کە لەسەری دواین لای ئێمە بەشێکە لە شیعری عاشقانەی ئەمڕۆمان کە ڕێگا بۆ لاوان ڕوون دەکاتەوە و پیشانیان دەدات چۆن خۆشەویستی بکەن، بەکورتی هونەری خۆشەویستییان فێردەکات.

لەپاڵ ئەمانەشدا خۆشەویستی لای شاعیر نەمرە و بەردەوامە. لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی دەرمان بڕی (زمان و شێواز) لای شاعیری ئەم لێکۆڵینەوەیەمان سادەیە و لە ئاستی هونەرێکی قووڵدا نییە. ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ (زمان و شێواز) لای شاعیرانی وەک (جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، هاشم سەڕاج، سەباح ڕەنجدەر، ئەحمەدی مەلا، ئازاد سوبحی) هەست بەئاستی جیاوازی هونەری دەکرێت.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە شاعیر لە قاوغێکی سەرەتایی ماوەتەوە و پێشکەوتنی زۆر سنووردارە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەماندا لەسەر چەمکی خۆشەویستی لە شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو) دەتوانین بڵێین گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامانە:

١- زمانی شیعری خۆشەویستی زۆر سادە و ئاسانە و دوورە لە زۆر لە خۆکردن و خۆخستنە ژێر دەمامک و لەژێر پەردەیی و دووڕوویی.

٢- هەڵوێستی شاعیر زۆر پۆڵاییینە و خۆ لە دەستدان و خۆ دۆڕاندنی تێدا نییە.

٣- مەسەلەی خۆشەویستی لای شاعیر پیرۆزە و بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارنەهاتووە.

**٤-** عیشق لای شاعیر بەردەوام و نەمرە.



٥- زمان و شێواز لای شاعیر لە ئاستی هونەرێکی قووڵدا نییە.

### تێبینی

ئەم بابەتە وەک لێکۆڵینەوەیەک بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پێشکێش بەسەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین کرا، بەپلەی (نایاب) وەرگیراوە و نمرەکەی (٩٨٪) بووە کە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٦-١٩٩٧) بەیەکەم دەرچوو لەسەر ئاستی بەشی زمانی کوردی. بەبێ هیچ زیاد و کەمکردنێک بڵاوی دەکەمەوە.

(ئـ.ح.ر.)

سەرچاوەکان


١- عەبدوڵڵا پەشێو: فرمێسک و زام، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک ١٩٦٧.

٢- عەبدوڵڵا پەشێو: بتی شکاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک ١٩٦٨.

٣- عەبدوڵڵا پەشێو: شەونامەی شاعیرێکی تینوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا ١٩٧٢.

٤- عەبدوڵڵا پەشێو: شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٠.

٥- سمير الشيخاني: حصاد الفكر العالمي، الطبعة الاولى، مطبعة (دار العلم للملايين)، بيروت ١٩٨٠.

٦- فاروق الشوشة: احلى (٢٠) قصائد في الشعر العربي، الطبعة الاولي، مطبعة دار العودة، بيروت ١٩٨٠.

٧- د. عزالدين مصطفى رسول: الواقعية في الادب الكردي، الطبعة الاولي، م ؟ بيروت.

٨- هاوکاری، ژ(١٢٧)، ١٩٧١.


*** لە ژمارە ٩١ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە**

## شێواز لە دەقی ئەدەبیدا

### پێشەکی

کەم چەمک هەیە لە بەکارهێنانیدا بەواتای پڕ بەپێستی خۆی بەکارهاتبێت. ئەوەتا شێوەی بەکارهێنانی (شێواز) بەچەند چەمکێک لە هونەرە جیاوازەکاندا دەبیندرێت، هەندێ جار بە(بارۆکی و ئینتباعی و گشتی، یان وێژەیی) خۆی دەنوێنێت. کەچی توانای ئێمە لە جیاکردنەوەی ئەو هەموو مانا جیاوازەی شێواز لە بەکارهێنانیدا و چۆنیەتیی جیاکردنەوەیان لە وەسفکردنی کارە ئەدەبییەکان و بەدەرخستنی کارە ئەدەبییە هەرە باش و دەگمەنەکان، جۆرە بۆچوونێکمان لا دروست دەکات لەسەر ئەو بنەمایەی شێواز لێپرسراوە لەسەر بەشێکی گەورە لە جیاوازی لە نێوان کارە ئەدەبییە جیاوازەکان، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە وەک زمان ئەوەیە کە شێواز چی دەگەیەنێت. ئێمە لێرەدا پێناسە جیاوازەکانی شێواز ناژمێرین، یان ڕەتیان ناکەینەوە، بەڵکو ئەو پێناسەیە پێشنیاز دەکەین بۆ چەمکی شێواز: شێواز ڕێگایەکە بۆ سازکردنی هەڵبژاردنە زمانییەکان کە پشت بەمانا نابەستێ، یان بەواتایەکی دی: شێواز ڕێگایەکی لاساییکردنەوە نییە لە بەکارهێنانی زمان، ڕێگایەک لە باودا لابدات. بەم شێوەیە بەکارهێنانی زمان بەو ڕێگایە، بەکارهێنانی شێوازییە. بۆ نموونە



بەکارهێنانی خاسییەت کاتێک زێدەڕۆیی بکرێت لە بەکارهێنانیدا بەبەکارهێنانێکی شێوازی دەژمێردرێت. کەچی (ڕۆلف ساندل) سەبارەت بەو پێناسەیە ئەوە ڕەت دەکاتەوە لە کاتی لێکۆڵینەوەیدا ئێمە بتوانین لەسەر شێوازی بسەپێنین.

یەکەم: شێواز هەروەک ناسراوە چەمکێکی جێگیر نییەو دەگۆڕێت، بۆیە واباشترە لە کاتی لێکۆڵینەوەی شێواز لە نووسینە ئەدەبییەکاندا بەشێوەیەکی سروشتی بڕوانینە شێواز، بەو پێودانگەی ڕێگەیەک بێت بۆ دۆزینەوەی نموونەیەک بۆ بەراوردکردن. ئەگەر هەر هۆیەکی دی لە ئارادا نەبێت.

دووەم: زانینی ئاستی دەرچوونی ئەو نووسینە لە دۆخی باوەوە ڕوون نییە، تا شێواز ئەو پێناسەی سەرەوەی لەسەر بسەپێت.

سێیەم: بیرۆکەی باو لە شێوازدا جۆرێکە لە جیاوازی. شێواز ڕێگایەکە بۆ دەرچوون لە باو لە نووسین و قسەکردندا، ئەگەر شێواز چەند چینێکی دیاریکراو لە خەڵک بگرێتەوە وەک: وتاربێژ و بێژەر و سیاسییەکان و شاعیر و چیرۆکنووسەکان... تاد. ئەوا ئەو هێما بەخشینە بۆ شێواز لە بەرژەوەندی ئەو چینە سنووردارە دێت، بۆیە شێواز دەرچوونە لە باو، بەو ئاستەی کە پەیوەستدارە بەچینەکانی دی، یان چینەکانی دیش دەگرێتەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دییەوە دەرچوون لە باو و بێ گومان ئەو وادەکات ئەو شتە سیمایەکی تایبەتی و شەقڵێکی تایبەتی بداتێ. سانایە وەسفی ڕێگایەکی ناسروشتی لە نووسین لە سروشتدا بکرێت، هەروەک چۆن ئاسانیشە وەسفی شیوازێک بەلادان، یان ناوێزە بکرێت بەوەی لاسایی بکرێتەوە، یان بخرێتە پاڵ نووسەرێکی دیاریکراو. لە کاتێک لە نووسیندا لە دوای شێوەیەکی ناباو دەگەڕێت بۆ ئەوەی پێی بنووسێت. چونکە نووسین بەشێوازێکی باو نووسەر زیاد دەکات، بەپێچەوانەشەوە نووسین بەشێوازێکی ناباو نووسەر کەم دەکاتەوە.

(مدلتۆن میری)[1] وا دەبینێت کە دەرچوون لە باو دەتوانرێت ڕاڤە بکرێت، پێناسەیە بۆ شێواز، بەکارهێنانی داب و نەریتە زمانییەکان بەردەوام دەبێت لە کاتێکدا چەشنە باوەکان دەگەڕێنەوە. کەچی (ئەو ڕاڤەکردنە ئەنجامی چاوەڕوانکراو بەدەستەوە نادات چونکە دەرچوون لە باو بەگوێرەی ئەو ڕاڤەیە ئاماژەیە بۆ شێواز خۆی نەوەک ئەوەی شێواز دەیگەیەنێت). ئەمەش وامان لێ دەکات ڕاڤەیەکی دی ببینینەوە لەگەڵ ڕاڤەی پێشوو یەکسان بێت، ئەویش وەسفکردنی شێوازە لە هەموو لایەنەکانییەوە بەگوێرەی دەرچوونی لە باو، کەواتە شێواز وا دەناسرێتەوە کە ئامادە دەکرێت، بۆ بەکارهێنانی زمان، ئەوەی خەڵک، یان بەشێوەیەکی گشتی، دەقەکان تێیدا جیاوازن، کەچی (گراهام هاف) وادەبینێت کە بە سێ ڕێگا دەتوانرێت چەمکی شێواز لە پێناسە نەکردنەوە ڕزگاربکەین ئەوانیش:

١- ڕەخنەگر دەتوانێت دڵنیا بێت بەزمانی ئاسایی ڕای چەسپاو دەسپێکی خوێندنەوەی بۆچوونە ئەدەبییەکان تێک نادات. ئەو جۆرە خوێنەرانە کە بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ شێواز دەکەن زۆر بەئاسانی دەتوانن جیاوازی نێوان ڕێگای خوێندنەوە و بابەت بکەن، چونکە ڕەخنەگر (خوێنەر) دەبێت باش بزانێت ئەوی ئەدەب نیازیەتی ئەوەیە بچێتە نێو قووڵایی گیروگرفتی جوانییەکانی کۆمەڵگا، بشتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ دڵ و دەروون و ناوەوەیان بکات. کاتێک لەگەڵ گیروگرفتیان تێکەڵاو دەبێت، ئەو کات هیچ پێویست ناکات شتێک هەبێت پێی بوترێ شێواز بەڵکو ئەوەندە بەسە دەستەواژەیەکی ئاسایی بێت بۆ بەکارهێنان. هەموو لایەک ئەو کات دەزانن گفتوگۆ لە بارەی چی دەبێت.

٢- ڕەخنەگر دەتوانێت ئینکاری بنەمای (گوزارشتی جۆرا و جۆر لە ڕوخسار، هەمیشە لە مانادا جیاوازە) بکات. ئەمەش هەندێک جار



بوێری دەوێت لە ڕادەربڕیندا، هەروەک چۆن (ڕیچارز) لە کتێبی (شیکردنەوە لە فێربووندا) دەری بڕیوە.

٣- ڕەخنەگر دەتوانێت بەو مانایە ڕازی بێت. ڕازیش ببێت لەسەر ئەوەی جۆرا و جۆری لە ڕوخسار، جیاوازییە لە مانادا، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێت ئینکاری بنەمای (ونبوونی شێواز) بکات (شێواز ون نابێت، بەڵکو دەچێتە چوارچێوەی پۆلێنکردن لە مانادا ). بەو پێودانگەی شێواز بەشێکە لە مانا، بەڵام بەشێکە دەتوانرێت سەربەخۆ گفتوگۆی لەسەر بکرێت بەپلەیەکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەشدا (گراهام هاف) زیاتر خۆی بەڕای سێیەم دەبەستێتەوە کە شێواز ئاماژەیەکی گرنگە لە ئاماژەکانی مانا.

ئەو پرسیارەی هەمیشە لە لێتوێژینەوە زانستییەکانی ئەدەبدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە: ئایا دەتوانین زانستییانە مانای شێواز دیار بکەین.

زۆری ماناکانی شێواز و ئەو مانا جیاوازانەی هەڵیان دەگرێ، دیاریکردنی مانای زانستییانەی شێواز وا لێ دەکات بەخەوشێکی شێوازی ڕێبازیی بناسرێتەوە. لەبەر ئەوەی کێڵگەی کارکردنی ڕێباز فراوانە و بێ سنوورە بەوەی کە ماناکانی شێواز جۆراوجۆرە. بۆیە هەرچەندە پێناسە بۆ شێواز پێشنیاز بکەین بۆ ئەوەی زانستییانە ماناکەی دەربکەوێت، هەر دەچێتەوە ناو دەقی ئەدەبی.

ئەگەر لەو پێناسەیەش (وردبینەوە) کە دەڵێت: شێواز هەموو شتێکی ناباوە، ئەوە ڕووبەڕووی وتەی (لەڕێ لادان) دەبینەوە. هەروەک (پۆل ڤالێری) دەڵێت: (بەبێ ئەوەی ئەو لەڕێ لادانە سنووردار بکەین بەڕستەیەک، یان بەدەستەواژەیەک، یان بەدەقەکە هەمووی). لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت شێواز چەمکێکی گریمانەییە، ئەستەمە بێتە دی. ئەمەش وادەکات شێواز بێ بابەت بێت. لە کاتێکدا بانگەوازدەرانی بەزانستی

بوونی شێواز وا لێ دەکات پێناسەی نازانستی بۆ شێواز بدۆزنەوە کە ئەوەی لە دەقەوە دەڕوات پاش وەرگێڕانی ئەوە شێواز (بەمە دەبێت هەموو دەقێک بپشکنین تا بزانین پاش وەرگێڕانی چەند لە دەقەکە دەڕوا )، بەڵام کاریگەری شێواز لە ئەدەبدا چۆن بەدیار دەکەوێت بەتایبەتی ئەگەر بمانەوێت لە دەقێکی ئەدەبیدا کاریگەری شێواز هەست پێ بکەین.

ئەوە بەگرنگ نازانین ڕووپێوێکی فراوان دەستنیشان بکەین بۆ پۆلینکردنی ڕێگاکانی گەشەسەندنی شێواز لە دەقە ئەدەبییەکاندا. ئەوەی گرنگ ئەوەیە لێکچوونێکی ئاشکراو بەسوود دیارە لە نێوان قوتابخانەی (بالی)[٢] ناشێوازی لەگەڵ ئەو ڕێبازە فراوان و ڕێژەییەی هەیە لەلای ئەو کەسانەی گرنگی بەدەقی ئەدەبی دەدەن، بەو پێودانگەی بەهونەری حیساب دەکەن.

(بالی) و هاوکارانی لەگەڵ گرنگیدانیان بەدامەزراندنی سیستەمێکی گشتی بۆ توانا شێوازییەکان، دەتوانرێ ئەو ڕێسایە لە کارەکانی (کارڵ فۆسلەر) بدۆزرێتەوە کە بەرهەمێکی مەزنی دەربارەی (کۆمیدیای خودایی)(ئەلیجیری دانتی) نووسیوە. بەجۆرێک لە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و درێژ پێکهاتووە، لە هەموو ڕووە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری چەرخەکانی ناوەڕاست لە پێکهێنانی هزری (ئەلیجیری دانتی) بەشداربوونە.

بەشێکی فراوانی ئەو کتێبە دەربارەی چامەکەی داستانی (کۆمیدیای خودایی) هەوڵێک بوو بۆ بەرجەستەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازییانە بۆ هەموو چامەکە. کەچی هەروەک (گراهام هاف) دەڵێت: (ئەو هەوڵە بەو فراوانییە زۆر جار دیقەت و تایبەتمەندی خۆی لە دەست دەدات کە لێتۆژینەوە شێوازییەکان پێویستییان پێیەتی). یەکێ لەو ئاماژە باوانەی لە لێکۆڵینەوەی شێوازی تایبەتی کەسیەتی نووسەرێکە لە جەخت کردنەوەی ڕۆمانسییەکان بەوەی شێواز وەک گوزارشت کردنێکە لە کەسیەتی تاک، وای کرد خوێنەرە نائەدەبییەکانیش هەستی پێبکەن.



سڕینەوەی ئەو تێڕوانینە گوزارشتییە لەو بیردۆزە ئەدەبییەی کە پاش ڕۆمانسییەت هات ئەو ڕێبازە تایبەتییەی خستە ژێر سەرنج و تێڕامان.

کەچی هەروەک (د. لۆج) دەڵێت: (ئێمە پێویستمان بەوە نییە ئەو هۆیانە دەستنیشان بکەین کە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕامانی پڕ گومان بخرێتە سەر ئەو تێڕوانینەی کە پاش ڕۆمانسییەت هاتە ئاراوە. چونکە کاری ئەدەبی بنیاتنانێکی وشەیییە، بەجۆرێک ئەو ڕەخنەگرەی گرنگی دەدات بەمێژووی هزری ئەدەب کەمیان توانیویانە بگەنە ئەو ئاستەی هێڵە گشتییەکانی ئەو هزرە تێبپەڕێنن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو ڕێگایەی کە وشەکان چۆن بەکاردێنن).

## چەمکی وێنە لە شێوازدا

نکۆڵیی لێ ناکرێت هەموو ڕێگا بزرەکان لە ناواخنی نووسەردا، هەر ئەزموونێک لە ژیانیدا، هەر سیفەتێک لە سیفەتە ڕۆحییەکانی نووسینیدا ڕەنگ دەداتەوە. بەجۆرێ لێکۆڵەر دەتوانێت نووسەر، یان هونەرمەند لە نووسراوەکانی بدۆزێتەوە (ئەوەی نووسەر گوزارشتی لێ دەکات ئەدگار و کەسایەتییە قووڵەکەیەتی و ئەوەی حەزی لێ دەکات و ئەوەی ڕقی لێ دەبێتەوە. بەمەش لیستەیەک پێشکەش دەکات لەو شتانەی گرنگی پێ دەدا، یان گرنگی خەڵکانی دی پەرە پێ دەدات). کەچی ئەوەی زۆر لە شارەزایانی بواری شێواز جەختی لەسەر دەکەنەوە بۆ ئەوەی نووسەر بگاتە ئەو ئاستەی خاوەنی شێوازی خۆی بێت، نووسەر دەبێت بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە کەوندا وەک خواوەند بێت، لە هەموو شوێنێک ئامادەیی هەبێت و بەچاویش نەبیندرێت. (کارۆلین سیرجین) لە کتێبی (شێوازی شەکسپیر و ئەوەی کە دەیەوێ پێمان ڕابگەیەنێ)[٣] بەم شێوەیە جۆرەکانی وێنە لە شێوازدا دابەش دەکات.

## وێنەی هەڵچوو

(کارۆلین) وا دەبینێت ئەرکی وێنەی هەڵچووی گوزارشتکەر یەکەمین ئەرکە لە ئەرکەکانی وێنە. چونکە یارمەتیمان دەدات بۆ ڕوونکردنەوەی کەسایەتیی نووسەر. هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە دۆزینەوەی دروست بۆ کەسایەتی و سیفاتە عەقڵییەکانی ناو کارەکانی نووسەر چۆن دەدۆزرێتەوە، نووسەری شانۆ بێت، یان ڕۆماننووس، یان هزری خۆی، یان هی خەڵکانی دیکە بگوازرێتەوە. کەچی هەروەک (کارۆلین) دەڵێت: (شاعیر خۆی، خۆی ئاشکرا دەکات لە ناو وێنە شیعرییەکانی بەرێگەیەکی ناهەستی). واش دیارە ئەو بیرۆکەیە لەگەڵ بۆچوونی خەڵکانی دی نووسەر یەک دەگرێتەوە، ئەوەتا نووسەرێکی وەک (جیراڵد ئەنتوان) لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی شێواز) پاڵپشتی هەمان بۆچوون دەکات: (لە لای هەر شاعیرێک سیستەمێک لە وێنە دەدۆزینەوە، ماناکەی لە ناواخنی ناخی هونەرمەندەکە هەڵدەقوڵێ، هەر چۆن شاعیر لە ناو وشەکانیدا دەردەکەوێت).

بەم جۆرە (کارۆلین) توانی زەمینەی شوێنکات ئەم وێنانەی پێ داون بگەڕێنێتەوە بۆ شاعیر و نووسەری گەورەی ئینگلیزی (ولیەم شکسپیر)و کارە مەزنەکانی بیدۆزێتەوە وەک (ماکبیث، یۆلیۆس قەیسەر...)

ئەوەی جێگای سەرنجە هەروەک (ولیەم ڕای) وا دەبینێت شێوازی وێنەی هەڵچوو ئەمڕۆ ئەو نرخەی جارانی نەماوە و لە لایەن لێکۆڵەرانەوە ڕەخنەی زۆری ئاراستە کراوە. هەر بۆ نموونە ئەو ڕەخنەیەی (ستیڤان ئۆڵمان) لە کتێبی (تیۆری پرسیار لە شێوازدا) لە لاپەڕە (٥٠)دا بەنموونە دەهێنینەوە کە وەڵامێکی ڕاستەوخۆی ئەو بیروڕایانەی (کارۆلین)ە کە دەڵێت: (کارۆلین یادداشتنامەیەکی ناوەخۆیی بۆ «ولیەم شەکسپیر» دروست کردووە. پشتی بەوێنەی ناو بەرهەمەکانی بەستووە. بەجۆرێک



بەناوبانگی کردووە ئێمە نەتوانین تەنانەت ڕەخنەشی لێ بگرین ئەوەی ئاشکراشە گرینگیدان بەو جۆرە نووسەرانە هیچ کاریگەرییەکی لە وێنەکانیدا بەجێ نەهێشتووە). پاشان (ئۆڵمان) جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە (توانستی نووسەری شانۆیی و ڕۆماننووس لە بۆچوونەکانیدا یەک دەگرێتەوە لەگەڵ بۆچوونە تایبەتییەکان. بەجۆرێک سەربەستییەکی تەواویان پێ دەبەخشێت بەخۆیان وێنەی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن. لە کۆتاییشدا لە ڕوانگەی کاری خوێنەر و ڕەخنەگرەوە ئەوەی گرنگە بەرهەمی نووسەرەکەیە نەوەک نووسەرەکە بەخۆی).

## وێنەی کاریگەر

(کارۆلین) وا دەڕوانێتە ئەو وێنەیە کە لە دەقێکی ئەدەبیدا نووسەر دەیەوێت هێمایەک، یان ئاماژەیەک ببەخشێتە یەکێ: بەرێگایەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش وا لە زۆر نووسەر و ئەدیبی وەک نووسەری فەرەنسی (سانت ئەکزۆبری) دەکات بنووسێت: (وێنە نووسەر دەبەستێتەوە بەبێ ئەوەی ئاگاداریشی بێت). ئینجا (جیراڵد ئەنتوان) لە کتێبی ناوبراودا لە لاپەڕە (١٥٤)دا وای لێهات قەناعەت بێنێت و بنووسێت: (وێنە هۆکارێکی هێما بەخشینی ناڕاستەوخۆیە). ئەوەی زۆر بەقوولێش لە بابەتەکەی ڕوانیوە نووسەری فەرەنسی (میخائیل ریفاتیر)ە لە کتێبی (گفتوگۆ لە بنیاتنانی شێواز) کە لە ساڵی (١٩٧١)دا لە پاریس چاپی کردووە وا دەبینێت: (خوێنەر لە بارێکدا بۆ دۆزینەوەی شێوازی تایبەتی نووسەر کۆمەڵێک خوێندنەوەی لا دروست دەبێت زەمینە خۆشکەرن بۆ ئەوەی سەرەتایەک بن بۆ گەیشتن بەقۆناغی لێکدانەوە. لە ماوەی ئەو خوێندنەوانە دەتوانێت ئەرکی ئەو شێوازە بەدیاربخات کە وتن پێی هەڵدەستێت).

## وێنەی شاعیری، یان شێوازیی

(کارۆلین) وا دەبینێت لەم وێنەیەدا نووسەر دەیەوێت گوزارشت لەو ڕەگەز و توخمانە بکا کە گوزارشتی لێ ناکرێت. تا دەیەوێت ئەو شتانەش ئاشکرا بکات ئاشکرا ناکرێن ئەمەش وا لە هەندێ نووسەر دەکات بەئارەزووی خۆیان ئەو ڕەگەز و توخمانە بەکار بهێنن. بۆ ئەوەی هەرسێ وێنە بەبایەخ وەربگیرێن بۆ لێکۆڵینەوە لە باش بەکارهێنانی شێواز لە لایەن نووسەرێکەوە، (جیراڵد ئەنتوان) لە لاپەڕە (١٥٩)ی کتێبی ناوبراویدا ئەوە هەڵدەهێنجێت: (مەبەستی ئێمە ئەوەیە کەسێک لە وێنەکەی دابڕێنین، یان تەنیا بیکەینە هێماو وەرگرتن و پێک چواندن... تاد. ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئێمە بتوانین جۆری وێنەکە و ئەو سیستەمەی وێنەی تایبەتی نووسەر دەکێشێ بدۆزینەوە، بەمەش ئەنجامەکە بەتەواوی دەپێکرێت). کەچی دەبێت چ شتێک شێوازی ئەدەبی هونەری جیا بکاتەوە لە هەر دەقێکی ئەدەبی، یان بەواتایەکی دی چۆن بتوانین لە ماوەی ئەو هەموو جۆرە وێنانەی (کارۆلین سێرجین) دیاری کردوون شێوازی ئەدەبی هونەری دەقێکی ئەدەبی نووسەرێک، یان شاعیرێک لە هی نووسەرەکەی دی جیا بکەینەوە.

پێش هەموو شتێک، چەمکی شێوازی هونەری بەچەمکێکی تەواوکەر دەژمێردرێت هەروەک (ر. ئا. بۆداگۆف) دەڵێت (بە بەراورد لەگەڵ ناوی ئەدیبەکان بەئاسانی دەتوانین لەمە دڵنیا بین، دوور لە مەرجی قووڵی مێژوویی بۆ ئەو ڕاستییانە وەک وڵات و ڕەوتی ئەدەبی تەنیا خاسییەتی جیاواز هەڵناگرێت بەڵکو خاسییەتی تەواوکردن. بۆیە ئەرکی ئیستێتیکی زمان بەرامبەر ئەرکەکانی دیکەی زمان لە دەسپێکی هەمووشیاندا پێوەندی پێوەکردن بەگرنگترین دیاردەی تەواوکردن دەژمێردرێت لە شێوازی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)دا ڕۆمان



نووسی گەورەی ڕووسی (لیۆتۆلستۆی)دا ئەمە بەجوانی بەدیاردەکەوێت، بەشێک لە بەشەکانی ڕۆمانەکەی کە ناواخنێکی پوختی مێژوویی هەیە، کەچی بەتەواویش لە ناو ڕێڕەوی شێوازی ئەدەبی هونەری دەسووڕێتەوە. (تۆلستۆی) هەروەک (ا. ف. تشیتشرین) دەنووسێت: (تۆلستۆی زمانە ئەدەبییە بێ کەڵکەکان و ڕەگەزە باوەکانی ڕەت کردەوە بەتایبەتی لە ڕۆماندا. هەروەها ئەو سیستەمە مەجازییەی کە نەوەی خۆی پشتیان پێ دەبەستێت). ئەو ڕەتکردنەوەشی پەیوەستدار بوو بەدانانی شێوازێکی دیکە لە لایەن خۆیەوە، ئەمە بەهەڵوێستێکی نوێ ژمێردرا لە گۆڕەپانی چارەسەرکردنی تێڕوانینی ئەدیب و نووسەران بۆ ڕۆمان.

بەمەش زمانێک، کەسایەتییەک و ڕەگەزێکی ئەدەبی و چەمکێکی نوێی بۆ ڕۆمان دروست کرد. کەچی ئەو ڕەتکردنەوەیە هەروا بەئاسانی لەسەری نەڕۆیشت، دژایەتییەکی زۆری کرا. لە پەنجاکان و شەستەکان کە بەدژایەتی ڕۆمانی (تۆرگێنیڤیە)[٤] ناسرا لە لایەن ناوەندە ئەدەبییەکانی ئەوسا. ئەوەتا لەیادداشتی ڕۆژانەکانیدا کە لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی (١٩٥٣) نووسیویەتی دەڵێت: (کاتێک کتێبێک دەخوێنمەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەدەبی بێت، زیاتر گرنگی سەرەکی بەسروشتی ئەو نووسەرە دەدەم لە ناو بەرهەمەکەیدا). بۆیە دەتوانین بڵێین هەروەک (ا. ف. تشیتشرین) دەڵێت: (ڕۆمانی -جەنگ و ئاشتی- کە بەچیرۆکە قەفقاسییەکان دەناسرێتەوە بەبەردی بناغەی شێوازی ئەدەبی هونەر تەواوکەر دابنێین کە (لیۆ تۆلستۆی) پشتی پێ دەبەست. چونکە لەم ڕۆمانەدا نووسەر کەسایییەتی خۆی، ڕووداو و کەس و سەرباز و ژەنەڕاڵەکان پێکەوە بەدیار دەکەون و کەسیان بەتەنیا بەدیار ناکەون. بەواتایەکی دی پاڵەوان هەر تەنیا بەخۆی بەرز نابێتەوە بەڵکو ڕاستی بەتەنیا بەرز دەبێتەوە. بۆیە نووسەر و چالاکی و ئەفراندنی بەدیار دەکەون لەگەڕان بەدوای هەقیقەتەکان بۆ هەڵقولاندنی هەقیقەتە وەهمییەکان کە هەبوونی درێژەی کێشاوە).

ئاساییە بڵێین شێوازی بەرهەمی ئەدەبی هونەری پشت بەچەندەها جۆر لە شێوازەکانی وتن دەبەستێت. بەمەش تەنیا کرۆکی دەقەکە پێک ناهێنێت. بەڵکو هەروەک (کارلۆس گورتاری) دەڵێت: (جۆرێکی دیکە پێک دەهێنێت کە خۆی لە یەکێتی پێکگەیشتن و ئەرکی ئیستێتیکی شێواز دەگرێتەوە. بەمەش تایبەتمەندی شێوازی هونەری دروست دەبێت).

لەلایەکی دییەوە (ا.ف. تشیتشرین) پێی وایە شێوازی نووسەر زمانی نییە، بەڵکو ئەدەبییە، چونکە چەمکی شێواز لە ناواخنیدا پێک هاتووە لە یەکیەتیی وشە و وێنە. بۆیە لێکۆڵینەوەی شێوازی نووسەرێک کە خۆی لە دەقەکە دەگرێتەوە ئەستەمە بەبێ تێگەیشتنی فەلسەفی لە یەکیەتیی نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆک، یان بەبێ پێک بەستنەوەیەک هەبێ پێکەوەیان نە بەستێتەوە بەهونەرەکانی دی، یان بەئیستێتیکاوە، کەچی (ا.ف.تشیتشرین) ئەوەش ناشارێتەوە یەکەم بنەمای لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بۆ زمانی کاری هونەری خۆی لە تێگەیشتنێکی قووڵ و ئەو یەکیەتییەی نێوان زمان و هزر دەگرێتەوە، سەرەڕای لە تێگەیشتنێکی ورد لەو فەلسەفەیەی کە نووسەرەکە لە ژیانی خۆیدا ڕۆژانە پەیڕەوی دەکات.

لەگەڵ چۆنیەتیی تێڕوانینی ئەو نووسەرە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا بۆ بنیاتنانی وتن، بەتایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی بەشێک لەم وتنە لەلای خۆیەوە. ئەمە لەلایەکی دییەوە پێویستە شێواز تاکە کەسی بێت، چونکە ڕێگەی گوزارشت لێکردنی تاکە کەسییانە بۆ شێوازی جیا جیاو سەیر و سەمەرە دەردەخات. (لەبەر ئەوەی نووسەر لە نووسینی دەقەکەیدا پەیڕەوی ئەو بنەمایە دەکات دایڕشتووە، ئەو ئەزموونە هەستییە تایبەتییەی نووسەر نیازیەتی بیگوازێتەوە، لە دەرەوەی سنووری سروشتی ئەزموونی مرۆڤایەتییە، ئەویش کاریگەری خۆی هەیە). نووسەر بەپاڵپێوەنەری هەست خۆ بەزلزانین، یان بەئارەزووی سەرسوڕماندنی بۆ بۆرژوازییەت ئەو کارە دەکات، بەمەش شێوازی نووسینیشی هەر بەساختەیی و دوور لە



هەموو بنەمایەکی باوەڕپێکراو دەمێنێتەوە، کەچی نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کاتێ دەبێت ئێمە شێوازێک پەسەند بکەین کە هەست بەپێویستی و حەتمییەتی بوونی بکەین. دەشبێت هێزی ئەوەشمان هەبێت ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیەش بدۆزینەوە کە هەستەکان پێکەوە گرێ دەدا تا هەست بەپێویستی ئەو شێوازە پەسند کراوە بکەین.

## شێواز لە زمانی ئەدەبی کوردیدا

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەم باسە بۆ ئەوەی بزانین کاریگەری شێواز لە زمانی ئەدەبی کوردیدا تا چ ڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە لە پێشخستن و پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی. هەندێ پرسیار هەیە دەبێت بکرێت تاڕەهەندەکانی ئەو مەبەستە لە زمانی ئەدەبی کوردیدا دەربکەون.

– ئایا شێواز کاریگەرییەکی بووە لەسەر پێشخستن و پەرەپێدانی زمانی ئەدەبی کوردی؟

– ئایا شێواز لە زمانی ئەدەبی کوردی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و ئەورووپی وەرگیراوە، یان کورد بەخۆی دایهێناوە و خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی و پێی دەناسرێتەوە؟

– ئایا شێواز توانیویەتی بەجیهانی بوون ببەخشێتە ئەدەبی کوردی، وەک ئەوەی کە پارچەیەک لە دەقێکی ئەدەبی – شیعر، چیرۆک – دەخوێنینەوە یەکسەر دەزانین ئەوە هی (ئەلێکساندەر پوشکین)ە، یان هی (ئەلبێر کامۆ)یە؟

گومانی تێدانییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێت ڕاستییەک بگوترێت کە زۆربەی زۆری ئەو شێوازانەی هاتوونەتە ناو ئەدەبی کوردی وەرگیراون، یان لاسایی کراونەتەوە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و ڕۆژئاوایی. لە هەمان کاتیشدا هەمانە لە خودی ڕۆشنبیری کوردی شێوازی تایبەت

بەخودی ڕۆشنبیری کوردی داهێناوە وەک سامانێکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی. لە کارەکانی چیرۆکنووسان (عەبدوڵڵا سەراج، محەمەد موکری، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)و شاعیران (ئەحمەدی مەلا، سەباح ڕەنجدەر، دلاوەر قەرەداغی) بەدیار دەکەون.

شتێکی زیادمان نەوتووە ئەگەر بڵێین لای چیرۆکنووسە ناوبراوەکان نووسەرێک دەبینین تێڕوانینێکی دیکەی بۆ مرۆڤ هەیە، بەو پێوەدانگەی مرۆڤ سێبەرێکی بێ ڕەگە، یان بەواتایەکی دی بێ ماناو بێ ئامانجە لە ژیان. کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتێکی هەرەمەکی نادیار و بەتاڵە لە ئامانجە ڕوحییەکان. ئەو مرۆڤە هەمیشە وا هەست دەکات باوەڕی بەخودی خۆی نییە، هەمیشە دەیەوێت خۆی بدۆزێتەوە. واتە پرسیاری دۆزینەوەی خۆی لە ئارەزووە هەمیشەییەکانیەتی و بەدوایدا دەگەڕێت، بێ ئەوەی وەڵام بۆ پرسیارە نەمرەکانی بەدەست بکەوێت. (چەشنی پارسەنگی تەرازوویەکی لار لە سووچەکەی دوێنێدا دانیشتم. پێکی چوارەمم هەڵدا کەچی کاری دوو پێکی پێشووی نەبوو. کات جووتێ دەستاری پێوە شەتەک درابوو. بیرم هەڵفڕییە ناو پۆلەکەوە. چەشنی ئەوەی بەردێک هەڵدرێتە ناو گۆمی هەستمەوە، تووشی ژان و دڵە گوشێ هاتم)[٥].

ئەوەی وێنەی خـــود لە ئەدەبی هاوچەرخ لە ئەدەبی چەرخی نۆزدەم جیادەکاتەوە ئەو چەمکە نییە کە دەڵێت: (مرۆڤ ئاڵۆزە، یان چەند لایەنیە، بەڵکو ئەو ڕێگەیەی کە ئەو چەمکە چارەسەر دەکات). بۆیە ئەو واقیعەی ئێستای مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاڵۆزە، چونکە ئەو سەربەستییەشی سەرچاوەی هەڵچوونییەتی. هەر بۆ نموونە پاڵەوانانی چیرۆکنووسی جیهانی (سارتەر) هزرمەندی پەککەوتەن، چونکە ناتوانن پەیوەستارییەک دروست بکەن لەگەڵ ئەو ساتانەی تێیدا دەژین. ئەمە هەر ئەو پاڵەوانە دەگرێتەوە کە لە چیرۆکەکەی (عەبدوڵڵا سەراج)دا هەیە، تووشی دڵە ڕاوکێیەک هاتووە و لە چاوەڕوانییەکی بۆشدا دەژین. لەگەڵ



ئەوەی بیری هەڵفڕیوەتە ناو پۆلەکەوە کات جووتێ دەستاری پێوە شەتەک دراوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی بەرە ورووی هاتوون پەککەوتەیە و هیچی پێناکرێت. ئەویش لەبەر ئەوەی لە زەمەنی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و پێوەندی ئەو پێشکەوتنە بەخودی مرۆڤەوە بەتایبەتی مرۆڤی نووسەرەوە مرۆڤ وا لێدەکات هەست بەپچڕانی بکات بەڕاستی هەبوونی شتەکان لەگەڵ بوونی خودی خۆشی. ئالەم کاتەدا خود دەبێتە سفر، یان بڕێکی سالب. زۆربەی ئەو هەستکردنەش لە چاوەڕوانی گەیشتن بەو پێشکەوتنە خەیاڵییە خۆی دەبینێتەوە.

ڕوونتر بڵێین مرۆڤی کورد دەیەوێت لە ساتێکی کەمی چاوەڕوانی کردن بگاتە حەقیقەتی شتەکان و ڕووداوەکان لە ڕیزەوەوە بگۆڕێت و زۆربەی ڕەهەندەکانی شتە شاردراوەکان بدۆزێتەوە تا خۆشییەکان لە دەست خۆی نەدات. کەچی پاش دۆزینەوە تام و چێژ لەم دۆزینەوەیە ناکات ئەویش لە بەرئەوەی بەسەقەتی و نارێکی ئەسڵی شتە دۆزراوەکان دەخوێنێتەوە. ئەمە بەتەواوی لە چیرۆکێکی چیرۆکنووس (محەمەد موکری) بەرجەستە دەبێت.

(نقەیان لە خۆیان بڕیبوو، چاوەڕوانییان دەمرێ، سەعاتێ سەعات و نیوێک، دوو سێ، بێزار بوون، چاوەڕوانییەکەیان درێژەی کێشا، لە پڕ بێزارییەکەیان ڕەوییەوە، کاتێ ئەو پەردە تەنکەی سەر تابلۆی ناو شانۆکەیان وەلادا... بەوردی سەرنجی تابلۆکەیان دەدا، کەم کەسیان هەوڵی کردنەوەی تەلیسم و ڕەنگ و هێڵ و مانای تابلۆکەی دەدا...)[٦].

شتێکی دیکە لەم چیرۆکەی (محەمەد موکری) دەتوانین بدۆزینەوە، پاڵەوان پاش ئەوەی بێزارییەکەی دەڕەوێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوە نادات تەلیسم و ڕەنگ و هێڵ و مانای تابلۆکەی کە ئامانجیەتی بکاتەوە. لەمەدا پاڵەوان بەخۆی لە پێش دەرگەی تەلیسمەکان دەمێنێتەوە و هەوڵی

کردنەوەی نادات تا چێژ لە شتە شاردراوەکانی وەربگرێت. ئەم جۆرە شێوازە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا بەکارهاتووە بەتایبەتی لە کارەکانی چیرۆکنووسی جیهانی (فرانز کافکا) کە ئەو پاڵەوانانەی ئەو چیرۆکنووسە وێنەیان دەکێشێ بۆ دۆزینەوەی شتەکان پرسیاری نەمریان پێیە، لە بەرئەوەی ڕۆڵیان لە دۆزینەوەی ئەو شتە نهێنییانە سفرە و ناتوانن بچنە ناو ناواخنی شتەکان. بۆیە چاوەڕوانن خەڵکانی دی تەلیسمی ئەو شتانەیان بۆ بکەنەوە و چێژی خۆیانیان پێ ببەخشێت. کەواتە پاڵەوان لای چیرۆکنووس نەک هەوڵی نەداوە ئیسپاتی ئامادەیی خۆی بکات لە ناو ئەو حەشاماتە، بەڵکو ئیسپاتی بوونی خۆشی نەکردووە و ترساوە لەوەی لایەنێک بێت لە بابەتەکە. یەکێک لەو شتانەی کە چیرۆک ئەفراندن و سەرکەوتن دەبات ئەوەیە بەئازار و بوێرانە چیرۆکنووس باس لە ناواخنی خۆی بکات. واتە ناواخنی پاڵەوانەکانی بەمەش دوو ئامانج دەپێکێ، ڕاستگۆییەک دەداتە خوێنەر کە شەرعیەتی خوێندنەوە و ڕامان دروست دەکات، هەم سەرکەوتنی نووسەر زیاد دەکات کە چۆن پاڵەوانەکانی بەکاردەبات لە ناو دەقەکەیدا. ئەمە بەڕوونی لای چیرۆکنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دیارە.

(ئێوارەی پاییزێکی درەنگ خەڵک بڕبڕ لەماڵ دەردەچوون. ئەم پەلەی بوو بگاتە ماڵەوە تاکو وەک کۆیلەیەکی زەلیل دەستە و نەزەر لە کاتی دیاریکراودا لە پێش باوکیدا ڕاوەستێ و بڵێ «وا گەڕامەوە» وای پێ بڵێ و بەملکەچی چاوەڕێی فەرمانە لە بن نەهاتووەکانی دیکەی بکات. وای ڕاهێنابوو، بەڵام هەر لە زووەوە شتێک لە مێشک و ناخیدا چەکەرەی کردبوو)[7].

نووسەر دەیەوێت جۆرە شێوازێک پێشکێش بکات لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بەشێوازی (وێنەگرتن) دەناسرێتەوە. کە هەست و لێکدانەوەی پاڵەوان وێنە دەگرێت لە بەرامبەر باوکێکی خۆسەپێنەر و کۆکەرەوەی



باوکسالاری و چی بەکوڕەکەی بڵێ وا دەکات، چونکە وای ڕاهێناوە. لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت ئەوەش وێنە بگرێت پاڵەوان شتێکیشی لە ناو مێشک و ناخیدا چەکەرەی کردبوو کە خوێنەر هەمیشە بیری بۆ ئەوە دەچێت پاڵەوان بەنیازە ئەو پیلانە جێبەجێ بکات و بگاتە ئەو ئاستەی خۆی لە دەسەڵاتدارییەتی باوکی ڕزگار بکات و بگاتە ئەو ئاستەی خۆی، خۆی بەرێوەببات. کە واتە یاخیبوون لەلای پاڵەوان دروست دەبێت. بەمەش چیرۆکنووس توانیویەتی وێنەی ئامادەبوونی پاڵەوان پێش یاخیبوونەکە ئامادە بکات، بۆ ئەوەی زەمینە بۆ یاخیبوونەکە برەخسێنێت.

ئەم ئامادەبوون و زەمینە خۆشکردنە خۆی لەوە دەگرێتەوە پاڵەوان خودی خۆی بدۆزێتەوە لە ناو مەملەکەتی دەسەڵاتدارییەتی باوکسالاریدا. ئەو وێنە گرتنە لە چیرۆکنووسانی ڕۆژئاواییشدا هەیە و بەرجەستە کراوە وەک لای (سامۆئێل پێکیت) کە پاڵەوانی بەرهەمەکانی هەمیشە لەبەربەرەکانیدا دەژیان لە نێوان خودی دەرەوەی پاشکۆی دەسەڵاتەکان و خودی ناوەوەی زیندووی بەدەست خۆیەوە کە خۆی دەیەوێت کاروباری خۆی بەدەستەوە بێت، ڕێڕەوی ژیانی بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات خۆی دەیەوێت. ئەو کێشەیە چیرۆکنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) پێشکێشی کردووە گەڕانە بەدوای خود لە ئەدەبی هاوچەرخدا یەکێکە لە گرفتە هەرە دیارەکان[8].

کەچی لای ئەو سێ شاعیرە هەڵبژێردراوانە کێشەیەک هەست پێدەکەین کە دەتوانین ناوی بنێین کێشەی (گەڕان و سەربەخۆیی شێواز). ئەو کێشەیە خۆی لەوە دەگرێتەوە بزاوتنێکە بۆ ڕازیبوون و لە هەمان کاتیشدا ڕەتکردنەوەی واقیع، ئەو واقیعەی کە بێ ڕاوەستان دەڕوا. (ئەحمەدی مەلا) جۆرە پیرۆزییەکی پێ دەبەخشێ و چۆنایەتی مامەڵەی لەتەکدا دەکات.

(تابلۆ درز بردووەکانی ڕۆژنامەکان
ئاوی زەردی پێدا دێتە خوارێ
وەک چڵمی هەتیوەکانی هەزار و یەک شەوە
مەڵاس... مەڵاس
لە پشت ئەو دەرگا کاغەزینە...
ڕوانینە شەنگی و باڵای بەرزی ئاو
چەترەکان بەچەقۆ ڕامالْن
تک تک ئاوی ڕەشی لێ ڕێچکە دەکات
منیش هۆزەکەم دەخەمە خەرجێکەوە
بەرەو وڵاتی ئاو دەیانبەم
هەڵیان دەڕێژم
وەکو جەنگەڵێکی چنار
دەچمە سەربان...
سەر منارەیەکی بڵند
لقە دارخورمایەک وەکو شمشێر بەدەستەوە دەگرم و
کۆشم دەکەمەوە
بابفڕن هەرچی کۆتری گیانم هەیە)[٩]

دەستەواژەکانی شیعرەکە (بگیرن)، بەو واتایەی هەندێک وشەی وای تێدایە بگیرن و لە زمان (پەتین) و بەدەستەواژەی بگیر بەکاردێن وەک (تابلۆ درز بردووەکان، هەتیوەکانی هەزار و یەک شەوە...)

(ژن و مێردێک
لەم دیوی پەنجەرەی نیوە کراوە
بۆ منداڵەکانیان نان گەرم و چا سارد دەکەنەوە
هەورێک بەقەد دووگورد
ژەنەڕاڵێکی نەجیبزادەی وریا لە سۆراخکردن نوێژی لەسەر دەکات



بەناردنی نامەیەک
سەرەتای ڕێگاکان ئاشنا بوون
ئەو وێنەیەی لە جەژنی دە ساڵە کێشام
لە ناوەندی ڕێگا
سپاردمە تەفراندن و ئاشنا بوون
بەڕۆیشتنێکی یەکدوو ڕۆژی چووم
نامە بگەیەنمە ئەو پاشایەی شمشێری کردە کورسی
بەپەنجەی تفەنگ سبەینان زەنگی قوتابخانەکان لێدەدات
نیوەی سروودی قوتابییانم گوێ لێ گرت
بەزیم
وێنە پیر بوو
پێیە گەورەکانی خەڵک
شەقامەکانی شاریان داگیرکرد
ئۆتۆمبێلەکان شۆڕش دەکەن
گڵۆپ ڕەش
پۆستەچییە ساختەچییەکان
نامەکان دەکەنەوە
ئاسنگەرێکی خەواڵوو
لە ناو قەڵەشی بوومەلەرزە
کلیل بۆ دەرگا جێ هێشتراوەکان دروست دەکات)[١٠]

لەم داڕشتنە نوێیەی شێواز و ڕووداوی خەوندا، هزر خۆی لە ناو یاریکردن بەدەستەواژەکان شاردووەتەوە لەسەر شێوەی گریمانەکان کە ناتواندرێت ڕابگەیەندرێت. جۆرێک هزر لەڕیزی لە بیر چوونەوە دادەنرێت و واتای دەقەکە ئەزموون تێدەپەڕێنێ و چێژێک جێگای دەگرێتەوە (لە

قۆناغی کۆتایی ڕامانەکان، بنەما سەرەکییەکانی دەق پارچە پارچە دەبن و واتا دەبێتە کۆمەڵێک لە ڕستەی بچووک بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ماناییانەی لە بیری خوێنەردا دروست دەبن پڕی بکەینەوە). بەمە دەتوانین بڵێین (سەباح ڕەنجدەر) لە دەقدا دەیەوێت واتاکانی دەق زنجیرەیەکی نەپچڕاو بەدوای یەک بخا و هەر بەشێکیش لەدەقەکە بەگشتی مانای لاوەکی بداتێ تاوەک بەهەموو دەقەکە ئەو مانایە ببەخشن کە چێژێک جێگای دەگرێتەوە.

(وا باشە
با لەڕژانی،
ئەم پێکە ڕەنگا و ڕەنگەی دڵم
بچمەوە
درەنگانێ
شیعرێکی تەڕ تەڕ بەلیمۆ
دێتە ژێر باڵی پیریم و
ئەمهێنێتەوە ماڵەکەی تۆ!
وا باشە
بەر لەڕژانی،
ئەم پێکە ڕەنگا و ڕەنگەی سەرت
بچینەوە.
درەنگانێ،
شیعرێکی خوساو بەشەو
ڕەشماڵی بۆ پیریبیت هەڵئەداو
چاوانی مەراقم ئەچنەوە خەو!
بیخوێنەرەوە... هاوڕێم



لە جانتای سەفەر نووسراوە
(تابووت)
یان ئەبێ بەمردوویی لە جانتاکان
بدوێین!
یاخود دەبێ بەزیندوویی لە تابووتەکانا
بڕۆین!)[۱۱]

نکۆڵی لێ ناکرێت شیعر وتەیەکی ڕاستەوخۆی ئاسایی نییە، لە هەمان کاتدا بەتەنیا کردار و ڕووداوێکی وتراو نییە. لە ڕاستییدا (شیعر هیچ کات ڕووداو نییە، بەو واتایەی کە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان ناتوانین بڵێین شیعر بەمانا باوەکەی ڕووداوێکە لە ڕووداوەکان). ئەمە لە کاتێکدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێ شیعرێک دەخوێنینەوە، یان گوێمان لە شیعرێک دەبێت، وەڵامدانەوەمان بۆ ئەم دۆخە لەکاتێکدا کە بەدەنگێکی بەرز شیعرەکە بخوێنینەوە وەک بنەمایەکی زمانی دەکەوێتە ژێر چەند دابونەریتێکی تایبەت. تێگەیشتنمان لەم داب و نەریتە هۆکارێکە بۆ ئەوەی شیعر وەک هونەرێکی وتن لە وتنێکی ئاسایی جیا بکەینەوە.

لای (دلاوەر قەرەداغی) ئەم جیاوازییە بەجوانی هەست پێدەکرێت، کەوا لەخوێنەر، یان ڕەخنەگر دەکات لە دەستپێکی دەقەکەوە بکەوینە ناو فەزای وتەیەکی نائاسایی کە لە گەرووی وتەکانی دەقەکەوە سەری هەڵدابێت. دەتوانین ئەو ڕاستییەش بدرکێنین کە ئەو فەزا شێوازییەی هەر سێ شاعیر کاریان تێداکردووە خۆی لەوە دەگرێتەوە سەرەتاکەی بەپرسیارە گەڕاوەکان دەست پێدەکات کە پرسیارە نەمرەکان لە حەقیقەتی بوونی هەڵگرتووە. پاشان بەکارهێنانی دەستەواژەی جۆری بەسەر دەقەکان زاڵە، ئەمەش وا دەکات ڕەخنەگر (خوێنەر) هەست بەجۆرە وتنێکی ناباو بکات دوور و جیایە لە وتنی ئاسایی.

## ئەنجام

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین شێواز لە زمانی ئەدەبی کوردیدا هەرچەندە پێشکەوتنێکی چاکی بەخۆوە دیوە و ئاسمانی خەیاڵی ئەدیب و نووسەرانی کورد دەرکی بەمانا شاردراوەکانی ژێر پەردەی ئەدەب کردووە، توانیویەتی تارادەیەک ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ شتە وردەکانی ژیانی مرۆڤ بکات و بەجوانترین شێواز بینەخشێنێتە سەر ڕووپەڕی لاپەڕە. کەچی ئەو باش بەکارهێنانی شێوازە لەمەدا شاردراو نەبووە کە هێشتان شێواز لە زمانی ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە ڕەگوڕیشەیەکی خۆڕسک و خۆماڵی کوردی داهێنەرانە هەبێت، بەڵکو تاک و تەرا شاعیر و چیرۆکنووس دەبیندرێن گوتار و شێوازی تەواو خۆماڵییان لا دروست بووبێت. زۆرینەشمان لاسایی، یان وەرگرتنێکی ئەدەبیاتی عەرەبی و ڕۆژئاوایی پێوەدیارە.

هێشتان زۆری ماوە باس لە بەجیهانیبوونی ئەدەبی کوردی بکەین بەهۆی شێوازەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی بەجیهانیبوونی بنەمای داسەپاوی خۆی دەوێت و زەمینەی لە باری گەرەکە. کورد بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە دەبێت ڕۆشنبیرییەکی داهێنەرانەی خۆماڵی هەبێت هەڵقوڵاویی کۆمەڵێک بیروڕای تایبەتی کۆمەڵگای کورد بێت.

٥ی مایسی ۲۰۰۰ هەولێر



پەراوێزەکان

١- مدلتـؤن مري: معنى الاسلوب، مجلة (الثقافة الاجنبية)، بغداد، ۱۹۸۲، ص (٦٧).

٢- بالی و لایەنگرانی زیاتر گرنگییان بەدامەزراندنی سیستەمێکی گشتی دەدا بۆ توانستە شێوازییەکان کە بتواندرێت لە هەموو کارە ئەدەبییەکاندا جێبەجێ بکرێن، هەروەها لە زۆربەی چەشنە گوزارشتییە لەفزییەکان.

3- Shakesperes imagery and what it tell us, by Caroline F. E. Spurgeon Cambridge University Press, 1965.

٤- تۆرگینیڤ ڕۆماننووسێکی ڕووسییە و خاوەنی ڕۆمانی وەک (لانەی پیاوە بەڕێزەکان و دووکەڵ) و چەندان شاکاری دییە، تۆلستۆی ڕەخنە لە کارەکانی دەگرێت کە پێچەوانەی ئەو شێوازەیە خۆی بانگی بۆ داوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (الافکار والاسلوب)، لاپەڕە (٢٤٢- ٢٤٣).

٥- عەبدوڵڵا سەراج: لاکێشە ڕووناکەکان، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا، ۱۹۸۰.

٦- محەمەد موکری: نێچیر، چاپخانەی؟، سلێمانی، ۱۹۹۸.

٧- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: بەردی سەبر، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغدا، ۱۹۸۹.

٨- شارلس گلیسبرگ لە وتاری (خودی ونبوو لە ئەدەبی هاوچەرخدا) زۆر بەجوانی لەم باسە دواوە.

بڕوانە: گۆڤاری (آفاق عربية)، عدد (۱۰)، سنة ۱۹۹۱.

٩- ئەحمەدی مەلا: زەردک، چاپخانەی؟، ژنێڤ، ۱۹۸۸.

١٠- سەباح ڕەنجدەر: ڕووەکەکانی خواوەند، چاپخانەی ئۆفێستی هەولێر، ۱۹۹۹.

١١- دلاوەر قەرەداغی: تەیرەکانی ئیسماعیل، چاپخانەی ئۆفێست، چاپەمەنی ڕوون، سلێمانی، ۱۹۹۷.

سەرچاوەکان

١- د. جوزيف ميشال شريم: دليل الدراسات الاسلوبية، بيروت، ١٩٨٤.
٢- گراهام هاف: الاسلوب والاسلوبية، ت: كاظم سعدالدين، بغداد، ١٩٨٥.
٣- د. صلاح فضل: علم الاسلوب.. مبادئه واجراءاته، جدة، ١٩٨٨.
٤- وليم راي: المعنى الادبي، ت:د. يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٧.
٥- رينيه ويليك: مفاهيم النقدية، ت: د. محمد عصفور، الكويت، ١٩٨٧.
٦- ا.ف. تشتيشرين: الافكار والاسلوب، ت: د. حياة شرارة، بغداد؟.
٧- مجلة الثقافة الاجنبية، عدد (١)، سنة (١٩٨٢)، فى المحور الخاص عن (الاسلوب وعلاقة اللغة بالادب).
٨- حاتم الصطر: حول عملية الاسلوب والتقبل، مجلة (آفاق عربية)، عدد (١٠)، لسنة (١٩٩١).
٩- د. لوج: اساليب الكتابة الحديثة، ت: سعيد احمد حسن، مجلة (الثقافة الاجنبية)، عدد (٣-٤)، لسنة (١٩٩٧).
١٠- ارشد علي محمد: الاسلوبية والمعارف المجاورة، مجلة (الموقف الثقافي)، عدد (١١-١٢)، لسنة (١٩٩٧).
١١- ي. ل. ابشتاين: الاسلوب... ستراتيجية ادراك، ت: خالد سهر، مجلة (الاقلام)، عدد (١)، لسنة (١٩٩٨)

*** لە ژمارە ٤٨ی گۆڤاری رامان بلاوکراوەتەوە.**

# دۆزینەوەی یەکێتی خەیاڵ لە شیعردا

## پێشەکی

نووسینی داهێنراو لای وەچەی ئەدەبی چی دەگەیەنێت، یان ئاسۆ و بینین و کارایی لە کارەکانی وەچەیەکی دیاریکراودا شەوق و فراوانی چەندە، یان ئەم وەچەیە وێنەیەکی دیاریکراویان لەناوەندی ڕۆشنبیری هەیە،یان نا. ئامراز و خەیاڵکردنیان چی بوو. واقیع، یان بوون. گەمە زمانییەکان لە ناوەوەی دەقەوە دروست بووە، یان لە دەرەوەیدا. ناتوانین چالاکییە نووسراوەکانی شاعیرێک بەرەو ئاستی خەیاڵ و خەون بەرز بکەینەوە تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بەتوانای خودی ڕاپەڕیو و کۆدیتاگێڕی بگاتە هەر هەست و بیرێکی ڕاستگۆیانەی تایبەت بەخۆشی وێنەیەکی نوێ دەداتە جیهان. بۆیە ئەو شوێنە شیاو و بارە کولتوورییەی کە نووسینی داهێنراو لە ژیانی مرۆڤایەتی دەیگاتێ، ئەو بەتەنیا دەتوانێت گیروگرفتەکانی ئەو نووسینە دیاربکات.

بەو پێودانگە ئەو بەهایە زەمینەیەکی دامەزراندن و ڕاستەقینەیە بۆ دیارکەوتنی کاری داهێنان، بەپشت بەستن بەوەی نووسینی داهێنراو هەر دەربڕینێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو سازاندنێکی نوێبەخشە بۆ ئەو ڕاستییە نوێبەخشانەی ژیان و مردن و بوون و ئێستاتیکای پێ دەردەبڕن جیا لە



دۆزینەوە و دەربڕینی لە ناو واقیعی پێشوەختە کارپێکراو. ئەم دۆزینەوەی جیاییە کە وێنەیەکی نوێ دەداتە جیهان. دۆزینەوەیەکە لە بوونەوە دۆزراوەتەوە، کاری پێ دەکرێ و خەیاڵ دەگەیەنێتە خاڵی درەوشانەوە. پێویستە ئەوەش ڕابگەیەنرێت داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشی بەرهەمی شارستانی و پەرەسەندنی کۆمەڵگایە، لە بەتاڵییەوە ناخولقێت لە بوون و خەون و لێکدانەوە هێزی بەرهەمهێنان وەردەگرێت. ئەو بوون و خەون و لێکدانەوەیەش لە بزواندنی تێڕامانی نووسەرەوە سەری هەڵداوە. بۆیە هەرچەندە لە بوون و قەوارەی کراوەی خودی چالاکی وردبێتەوە ئەو زانینە دەبێتە زەمینەی لەباری داهێنان و دۆزینەوەی نوێبەخشییەکان. جیا لە مانەش پرۆسەی داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشی ناتواندرێ پاوان بکرێت و سەر بەهیچ کەس و گرووپ و کۆمەڵێکی دیاریکراوبێت، بەموڵکی خۆیانی بزانن و بەبارودۆخ و چەقێکی بینراوی ببەستنەوە.

١

داهێنان و دۆزینەوەی نوێبەخشی لەسەر بنچینەی توندو تۆڵی هێڵی دیار موڵکی بەهرەمەند و نیشانەناسی ژیاو لە ناوەندی ڕۆشنبیرییە بەدوای چەشەی فڕین و شاری پاکزادەی نووسین. هەر وەچەیەکیش لە وەچەکانی کۆمەڵە گیرو گرفتێکی دەربڕینی ڕۆشنبیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە، ئەرکی هەر وەچەیەکیش کارکردنە لەسەر ئەو کێشانە. لە ڕێی خەیاڵ و ڤالاو خەونەوە. هیچ وەچەیەکیش دابڕاوێکی ڕەها نییە لە وەچەی پێش خۆی. بەکارکردن و هێنانەبوونی کۆمەڵێک داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشی. وەچەیەک لە وەچەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. خوێندنەوە و سەرنج و تێبینی بەشێک لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بۆ دەقی ئەدەبی ئەوەندەی لەم بینگەیەدا کاردەکات کێ زیاتر و کاریگەرانەتر کار لەسەر ئەو گیروگرفتانە دەکات، هێندەی لاگرنگ نییە، کێ دەتوانێت داهێنان و

دۆزینەوە و نوێبەخشی بەرپا دەکات و دەبێتە ناوەندو واقیعی نووسین دەکات بەجێگری واقیع. پاشانیش پێشکێشکردنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە لای ناوەندی ڕۆشنبیری تێگەیشتن و هێما و ئاماژە ڕاکێشێتە ناو داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشی. مادام نوێبەخشی بەردەوامە لە هەوڵدان و وەرگرتنی زانیاری بەسوود لە پێناو گەشە و خۆشبەختییەکانی ژیان، سنووربەندکردن کارێکی پرۆگرامییە، پرۆگرامیش لە نووسینی پەیوەست بەخەیاڵ و سۆز و خەون نییە. نوێبەخش ئەو بەرهەمەی پێشکێشی دەکات ڕێڕەوی تێڕوانینەکانی بەئاست و ئاراستەیەکی تردا دەبات و بەگۆشەیەکی نوێ ڕۆچووە.

ئەم ڕۆچوونە دالییەی لە مەدلوولێکی دەگمەن دادەڕێژێتەوە. لە واقیعەوە دەستی پێنەکردووە بەڵکو لە خەیاڵی نووسینەوە دەستی پێکردووە، هەمیشەش لە بیری ئەوەدایە دژی خۆ بەهەموو شتزان و شەڕی دۆڕاو، زەمینەی داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشی هەرگیز بەخۆشتزان و شەڕی دۆڕاو ناسازێت. کەواتە داهێنان و دۆزینەوەی نوێبەخشی بریتییە لە پێشکێشکردنی خەونی نووسین و نەناسراو و نائاشنا بەزەمینەی دەرەکی لە پاڵ گواستنەوەی هەست و خەیاڵ و لێکدانەوەی بۆ کەش و هەوای گشت و کەلکێشییە گیانییەکانی کەسایەتی نووسەر لەگەڵ نووسین.

## ٢

ڕەخنە بەشدارە لە دروستکردن و یەکلاکردنەوەی گیروگرفتەکانی نووسین، تێگەیشتن و هێما و ئاماژەی ڕووناک  لە داهێنان و دۆزینەوەی نوێبەخشی ئاشکرا دەکات. بەدوو شێوەش بەشداری لەم کێشەیە دەکات، یان بەهێشتنەوەی تەڕایەتی بۆ دەقی شیعری، یان لێکچوواندنی دەقی پڕ شەوق بەدەقی بێ شەوق. ئەم لێکچوواندنەش بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشدارە لە هەست و خەون و لێکدانەوەی نووسەر. ناتوانین بڵێین هەست و



خەون و لێکدانەوەی نووسەر یەکدەخات، یان دەیخاتە کار. بەقەد ئەوەی لەسەریەتی پێوەندییەک لە نێوان نووسەر و خوێنەر دروست بکات. تا ئەو خوێنەرە نوقمی ڤالآی نووسینەکە بکات و چێژی لێ وەربگرێت، کە بەداخەوە بەشێک لەم نووسینەی بەناوی ڕەخنەوە دەنووسرێت ئەم ئەرکە زانستییەی فەرامۆش کردووە و شتی لاوەکی دەهێنێتە ناو باسەوە کە هیچ پێوەندییەکی بەدەقە داهێنراوەکەدا نییە، جگە لە کارە زانستی و داهێنراوەکانی دەستەبژێرێک لە ڕەخنەگرانمان. نووسین وەک کەرەستەیەکی لێهاتووە، ڕەخنەگر لێتۆژینەوەکانی خۆی لەسەر بنیاد دەنێ بۆ بەدەستهێنانی بیردۆزە هزرییەکانی. بەشێک لە ڕەخنەگری کورد ئەمڕۆ لە ئامادەنەبوونی ڕێساکانی ڕەخنە لەو هەوڵەدایە ئەو ئەزموونە سەرەتا و ساکارانەی خۆی لە هەموو ئەزموونە بەردەوامە گەورەکانی دیکە لە کاتی نووسینی لە بارەی هەر دەقێکدا دووبارە بکاتەوە.

بێئاگا لەوەی ئەمجۆرە بڕوایە دەق دەکوژێت و خاسییەتە داهێنراوەکانی ئەو دەقە کە پەیوەستداری دەکات بەجۆرەکانی دیکەی نووسین سست دەبێت. ئەگەر تێگەیشتن و هێما و ئاماژەی ڕەخنەمان لا ڕوون بووەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەخنە چ ڕۆڵێک بۆ یەکلاکردنەوەی گیروگرفتەکانی نووسین دەبینێت.

بزووتنەوەیەکی ڕەخنەییش لە کاردا نەبووە لە ناو ئەزموونی شیعری کوردیدا بەفراوانی کاربکات و پانتایی شیعری زیندوو بکاتە چەق لێیەوە تیشکەکان ئاراستە بکات. بەشێک لە شیعر لەگەڵ خوێندەواری چاوکراوە کەوتۆتە ناو واقیعێکی بێبڕوای. خۆی لە باڵەخانەی چەند نهۆمی شیعری کلاسیکی کوردی و باری کولتووری خۆماڵی فڕێداوە، لە نێوان زەوی و ئاسمان ماوەتەوە و گیری خواردووە. نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە هیچ باڵکۆنەیەک، خەڵکانێکی ڕۆشنبیر کە ناشیعرییەتیان  لە بیری خۆیان چارەسەر کردووە لە خوارەوە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی سەیری دەکەن، وەک

ئەو مرۆڤە ناکامڵەی کە لە ئەستێرەیەکی ئاوەدان نەکراوە هاتووە و بەزامانێکی وا دەدوێ کە هێشتان زمانەکەی ڕوون نەبۆتەوە، یان نەبووەتە زمانی گفتوگۆ و داهێنان و دۆزینەوەی نوێبەخشی.

٣

گرنگە دوو دەستە و دوو جۆر تەمومژ لێک جیابکەینەوە کە هەردوو باڵیان لەو شیعرەی ئەمڕۆ لە ناو کوردا دەنووسرێت بەبەربڵاوی بواری کرانەوەیان بۆ ڕەخساوە، هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری و هەبوونی خۆی لە پانتایی ئەم هونەرە کردەووە بەقسە و باس و بەشدارە لە ئەزموونکردنی ئەم کردەیەی نووسینە.

## دەستەی یەکەم

تەمومژی نارۆشن و جۆرێک لە خۆ فریودانە کە هەموو مەبەستی بەناو شاعیری خۆ بەشتزان تێیدا خۆ بەدەرخستن و هەوڵدانێکی بەتاڵە بۆ خوێنەری سادە نەک قووڵبین دەربخا کە شتێکی زیرەکانە و دەگمەنی لە بیردا خەملاندووە، دەیەوێ لە ناو تەمومژ و پێچ و پەنای ئاڵۆزیدا دەری ببرێت، کەچی نەک ناتوانێت لەم خوێنەر فریودانەی ئەنجامدرا بێت، بەڵکو سروت و چەمکی شیعریشی بێ هێز کردووە و ناتوانێت درک بەنهێنییەکان بکات، فۆرم و بیرۆکەی فۆرم و بیری کوردی نییە. کاری لەم جۆرە بەهیچ شێوەیەک قووڵبینی تێدا نادۆزرێتەوە. هاوشێوەی ئەقڵی و ڕۆشنبیری نییە و هاندەری گیانی و هەستی و خەونی نەبووەتە هۆی بەرهەمهێنانی. دابڕانێکی نالەباریشیان بەڕووی ژیان و گەشەکردن و وێنەی هەستخرۆشێنی شیعریی دروست کردووە و گرانایی داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشییان دابەزیوە. توانای بەرزبوونەوەیان مەحاڵە. هەمیشە بوونەتە هۆیەکی سەرەکی بۆ بێ چێژکردنی شیعر لە ناو کۆمەڵگا. چونکە نووسینەکانیان بەتاڵە لە ژیان و دەوروپشتی فریاکەوتن و مرۆڤدۆستی.



## دەستەی دووەم

شیعرەکانیان پڕە لە ژیان و دەوروپشتی فریاکەوتن و مرۆڤدۆستی. لە جیهانی پڕ پرسیاری ئەمڕۆ چالاکیی گیانیان لە دۆزینەوەی یەکێتی خەیاڵ وەک بوونێکی هەقیقی خۆیان ئاشکرا دەکەن، توانیویانە ئەو ڤالایییەی لە شیعرییەتدا دروست دەبێت بەتێگەیشتن و هێما و ئاماژەوە بیگوازنەوە بۆ ڤالای خەیاڵی خوێنەر، بەو فانتازیاو تان و پۆیەی کە دایمەزراندن هاوشێوەی ڕۆشنبیری و هاندەری گیانی و هەستی و خەونی و بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی. لەو ڕاستییە گەیشتوون کە خوێنەری ئەمڕۆ ئاسۆیی و ستوونی و بازنەیی دادەکشێنە ناو دەق. داهێنەر و خاوەن هەستێکی جیدی و جیهانبینین، بۆیە بەئەرکی خۆیان دەزانن قۆناخی دوای شاعیر تەواو بکەن بۆ داڕشتنەوەی ئەو بەرهەمە نوێبەخشەی لە ئەنجامی وردبوونەوە و ڕوانینی بەردەوامی هونەری جەوهەریان دەبینرێت و فۆڕم و بیرەکانیان فۆڕم و بیری کوردییە. پاشان ئەم جۆرە شاعیرانە گەیشتوونەتە ئەو نوختەی بینینە، شیعر نەهۆیە و نە ئامانجە بەڵکو وزەیەکی ئەفسانەیی و جادووی وشانە. پێویستە لە هەوڵی ئەوەدابن چێژ و خەیاڵ و خەون و لێکدانەوە بدۆزنەوە و شیعرییەت و زمان و تەکنیک و ئاستەکانی سۆزی قووڵ و زیندوویی ئیستاتیکی لای خوێنەری دەستەبژێر قووڵ بکەنەوە. بەمەش هەم دەتوانن ڕەخنەگری نوێبەخشی شۆڕشگێڕ و بڕوا پێکراو دەستەبەر بکەن. چێژی ڕاستەقینەی شیعریش بۆ دەستەبژێری کۆمەڵگا بگێڕنەوە. لە شاعیرانی وەک (ڕەفیق سابیر، دڵشاد عەبدوڵڵا، ئەحمەدی مەلا، سەباح ڕەنجدەر)و چەندانی تر دەردەکەوێت.

ئەم شاعیرانەش هیچ پەیوەندییەکی گرووپییان بەیەکەوە نییە، بەڵام لەوەدا دەکەونە ناو دوو کەوانەی گەورەوە کە نابێ شیعری کوردی لە دەرەوەی گەرمایی ژیان لە دایک بێت.

(دەڵێن فڕین لاسایی تیشک دەکاتەوە
ڕۆژ لە ستایشی پێشبیندا لە یەقین دڵنیا
ڕووناکی لە ڕووی ئەبەدییەتدا حەیران
گەواڵەکان وەک باڵندە
یاری بەزەردەی هەتاو و (با) دەکەن
هەیبەتێکی ئەفسانەیی دەدەن بەفڕین
ڕەنگ و بۆنی نوێ بەسروشت،
تەڵخیش بەو سێبەرانەی کە بۆرمان دەکەن،
کەواڵەکان سیمای ڕۆژەکە بەڕەنگی
کبریت و تینوێتی دەڕەنگێنن.
دەڵێی ئاسمان بەقوولایی خۆیدا دەچێت
تینوێتیش بەتینوێتیدا
دەڵێی مردن لاسایی تیشک دەکاتەوە.)[١]

***

(تەواو بەگیریان هێنابوو
ترووسکەی ئەستێرەیەکیان بەگیر هێنابوو
کە خۆی بەنامۆ دەزانی،
لە ناو تاریکایی شەودا
هەندێ جار،
جوانی خۆی دەشارێتەوە
وەکو چۆن بەهار لە چرۆیەکدا
بەقەد دەنکە هەنارێکی لێ دێ
یا فڕین خۆی لە ناو باڵێکی قورسدا
لە خاک دەخشێنێ



یا خەو، لە ژێر پێڵوویەکی خاودا
لە هیچەوە، لێواو لێوی شەو دەبێ
بەو چەشنە، دەچمە ناو خانەکانی ڕۆژ
لە ڕەنگی مۆر و گوڵ گوڵی فەنتازیاوە
تا سڕینەوەی تەواو،
یا کپی ڕەنگێکی لیمۆیی.
لە شیلەی تامێکەوە
تا بۆنی زەریا
هەمووی هەر منم.)[٢]

***

(دەستەکانت بەکەناری ڕووحما درێژ دەکرد،
ئێستا بۆنی بەرد و
هەڵمی گوڵاو
لەسەر شۆستەکانی جەستەم دان.
لە قەراغی شۆستەی دەریایەک،
ڕووبارێک، یا جۆگەلە وشەیەکی ڕوون،
شیعرم بۆت دەهۆنییەوە،
دەتوت: "ئەم ورێنە و وشە ڕیزکردنانە چین"!
دەموت: "ئادەی تۆش وشە ڕیزکە و بچۆرە ناو
ڕووباری ورێنەوە".
پێدەکەنین،
وشەت پێ ڕیز نەدەکرا
دەستەکانت ئالآنە ناو جۆگەلەی هەڵوەرین.)[٣]

***

(ئەوانەی بە من دەچن زۆربەیان مردوون
کووپەیەکی پڕ ئاویشیان
بۆ باڵندەکان جێهێشتووە
بەبرادەرایەتیم لەگەڵ دەریاوان
خۆم هەڵناخەڵەتێنم
بەجێ پێی شادمانەکان دەکەومە ڕێ
شەڕی بێهوودەییبیە تێکەڵبوون
هەموومان لە بیرکردنەوەی تەنیایی داین
تا دووگردی نوێژ و پەنجەرە و
پەردەی ژوور و گڵۆپیش
بێمانایی گڵۆپ لەوەیە
بەچوونە ژوورەوە دەیژێنین
لە هاتنە دەرەوەش دەیمرێنین
چوار دیواری ژووری ماڵم
ڕەنگینە بەڕەنگی
ئەو پیاوانەی پێش من بەکرێیان گرتبوو
پێستیان بۆتە تابلۆ و پەڵەی دیوار
لەگەڵ تابلۆ و پەڵەکان
هێمنی گفتوگۆمان بووەتە
مشتومڕێکی توند
هێندەی من ڕانامێنن
ئەو ڕۆژەی لە ناو ئاوێ گەمان دەکەم
لەسەر زەوی خۆم وشک دەکەمەوە
ئامادە دەبم بۆ گەشت



ئەو شارەی مێوانداریمی پێ خۆشە
منداڵە و دایکیشە
کۆڵانەکانی بە ئەستێرەن
ئاسمانی بە منداڵ)[٤]

## ئەنجام

ئەو دەقە پڕ درەوشاوانەی گوزارشت لە ژیان و دەوروپشتی فریاکەوتن و مرۆڤدۆستی دەکەن توانیویانە تا (نوختەی بینین) خوێنەری ڕوونبین و خاوەن ئەزموونی ئێستاتیکی و دەستەبژێر و شیعرناس، هەروەها شوێنی ڕاستەقینەش، کە چێژ و خورپە خستە دڵ و سیتسەمی دەلالی و پاراوی شێوازە بۆ دەقی (شیعری و شیعرییەت) بگەڕێننەوە لە پاڵ کرانەوەیان بەرووی پێوەندی نێوان خۆشییەکانی ژیان و ترس لە مردن و ناوەندی مرۆڤایەتی. بەمەش داهێنان و دۆزینەوە و نوێبەخشییان داوەتە پرۆسەی گواستنەوەی خەیاڵ بۆ پانتایی سپی کاغەز و پیتاندنی زمان و مانای نەگوتراویشیان لە هێزی گوتنی خۆیان پاراستووە و جوڵاندوویانە.

١٧ی کانونی دووەمی ٢٠٠١ هەولێر

سەرچاوەکان
١- ڕەفیق سابیر، ڕوونبوونەوە، ٢٠٠١ سوێد، دەقی (زێوان)، ل٢٧.
٢- دلشاد عەبدوڵڵا، شەوی دووەم، ٢٠٠٠ سلێمانی، دەقی (سکێچی ئاو)، ل٧١-٧٢.
٣- ئەحمەدی مەلا، کتێبی شیعر، ١٩٩٦ فەڕەنسا، دەقی (خەون)، ل١٠٣.
٤- سەباح ڕەنجدەر، ڕووەکەکانی خواوەند، ١٩٩٩ هەولێر، دەقی (ڕێزمانی کۆڵانەکان)، ل١١٠-١١١.

***لە ژمارە ٣٠ی گۆڤاری ئایندە بڵاوکراوەتەوە.**

# شار وەکو دەق بەنموونە لە شیعری نوێی کوردیدا

## پێشەکی

شیعر بۆ ئێستا و نەوەکانی تریش، بۆشاییییەکی گەورە و دوور و درێژی لە ناو مەملەکەتی نووزانەوەی گیانەکاندا داگیر کردووە و داگیر دەکات. سۆزێکی بەگوڕ و بەردەوامە. هەر دەشمێنێ بۆ پڕکردنەوەی ویستی نەوەکان بۆ ئەوەی لە شنەبایەکی ئازادیبەخش و دوور لە سانسۆری هزرەکان، گوزارشت لە خۆیان و دەوروبەریان بکەن و تێکەڵاوی هەوای سازگاری زەمەنی شارە گەورەکان بن.

ئەوانیش بەئاشنا و تێکەڵاوبوونی باڵندەکان، لەگەڵ دەنگ و ژاوەژاوی ئۆتۆمبێل و کارخانەکاندا ئاوێتە بوونە و لێی بێزار نابن. شیعر بەدرێژایی چاخەکان توانیویەتی کاریگەری خۆی بپارێزێ و ڕووبەرێکی فراوان لە هزری مرۆڤدا بگرێت، هاوڕێی مرۆڤ بووە لە توانستی خۆی، لە ڕامان و بیرکردنەوە و خەونبینین و گوزارشتکردن لە خۆ، بەدرێژایی ئەو سەفەرە درێژەی لە ئەشکەوتەکانەوە دەست پێ دەکات تا کێڵگە، لە کێڵگەوەش تا شارۆچکە شارە بچووکەکان، ئینجا بۆ شارە گەورە و قەرەباڵغ و پایتەختەکان. بەدرێژایی ئەو کاروانە نەمرە شیعر لای مرۆڤ ئامرازێک بووە بۆ گوزارشت لێکردن لە پەیوەندی لەگەڵ واقیعەکەی بەزمان شوێنەوە.



بەڕێگایەکی زۆر کاریگەرانە هەر کە شار بووە ناوەند، ناوەندی مرۆڤ نشین، بەشێوازێکی تر گرنگی و ئەرکی مرۆڤی لە دەشتەوە گواستەوە بۆ ئاسمانە فراوان و کراوەکەی شار، جوانی و ڕێکبەندی بیناسازی شار سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشا و پەیتا پەیتا لەگەڵی ئاوێزان بوو، بەجۆرێک کە خۆ ڕزگارکردن لێی زۆر پڕ مەترسی بووە.

لێرەدا شیعر تێکەڵاوی ئەو ژیانە شارستانییە بوو کە تاڕادەیەک کرایەوە بەڕووی گوندەکان. شارەکان لەسەر ڕووتبوونەوە لەسەر شتە کۆنەکان دامەزرا، کەچی نەیتوانی بوون و قەوارەیەکی تایبەت و خاوەنی خەسڵەت و خۆڕسک بۆ خۆی دابین بکات، نەشیتوانی بەتەواوی توانستەکانی مرۆڤی گوند بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بۆیە هەرگیز شیعر جوێنی بە شار نەدەدا تەنیا لە قۆناغەکانی دوای ئەوەی ئەورووپا دووچاری شەڕە ناوخۆییەکان بوو. ئەمەش کرانەوەی دەروازەیەک بوو بەڕووی شاعیران بۆ جوێندان و گاڵتەکردن بەشەڕە ناوخۆییەکان، لەپاڵ ئەمەشدا جوێن بەشاریش بدەن کە مەینەتییەکانی گواستۆتەوە بۆ ناو گیانی خۆی و مرۆڤی بەرەو داهاتوویەکی ڕەشبین و نادیار بردووە، کە هەمیشە چارەنووسی مرۆڤ لە شارە گەورە و قەرەباڵغەکان نادیار و پڕ مەترسی و دڵەڕاوکێیە.

هەر بۆیە شیعر بەدوو ڕێگا گوزارشتی لە پەیوەست خۆی لەگەڵ شاردا کردووە: بەشێوەی نەغمەی سەرزەنشت و داشۆرین بەشێوەی ڕازیبوون بەدیاردەی شار، وەک ئەندریە نوشێ لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی شار لە زەمەنی شیعرەکانماندا لە کتێبی مرۆڤ و شار لە جیهانی هاوچەرخدا، کە کۆمەڵێک لە وانەبێژان و بیرمەندانی فەڕەنسی بەشدارییان تێدا کردووە و نووسیویانە: "ئەوانەی مەبەستی شاعیرەکانە سرووودی ستایشیان بەشارەکان هەڵدەوت، لەلایەکی ترەوە ئابڕووی شەڕە شەیتانییەکانی شاریان دەبردو لە شێوەی دۆزەخدا پیشانیان دەدا".

ئەگەر شارل بۆدلێر بەیەکێ لە بەرزترین شاعیری هاوچەرخ دابنرێت وەک

کیرمود وای دادەنێت ئەوا وێنەی پیسایەتی و شار و هەست بەنامۆکردنی لێوە کێشاوە و ئەو مۆرکە جوێندانەی لا خەست بۆتەوە و تیشکی شیعری دەخاتە سەر لایەنە ڕەشەکانی شار و زۆر بەبایەخەوە دەستنیشانی پیسی و وەحشیەتی شار دەکات، تەماشاش دەکەین سەرەتا لە چامەکانی بۆدلێردا ڕامانێک هەبوو، جیهان و ئەو ساتەی ئێستا دوژمنن بەگوێرەی ڕامانی (بۆدلێر)، لە هەستێکی ورووژاو تێناپەڕێت کاتێ وەسفی پاریس دەکات بەحەق و ناوەندی یەکێ لە چامەکانی دادەنرێت. تابلۆ پاریسییەکان بەشێک لە دیوانی گوڵی خراپە پێکدەهێنێ، هەروەها لە شیعری دڵتەنگییە پاریسییەکان لە چامە کورتە پەخشانەکانیان، ئەو پاریسە ڕاستەقینەیەی کە شەوان ڕووناکییەکانی شار تروسکاییەکن لە ڕووناکی شەوەکان.

کەچی لای والت وایتمان هەڵوێستێکی پێچەوانە دەبینین لە مەڕ شار، متمانەی خۆی بەشاردا، سەری بڵندی کرێکار و ڕێبوار و شەقام و جوانییەکانی شاری نەخشاند و ئەدای ڕەزامەندی هاوچەرخانە بۆ ئەو شارە گەورە و سەربڵندانە گۆرانی چڕی کە هەموو مانای پوخت دەکردەوە. لە کاتێکدا شار لەلای شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی ت.س. ئیلیەت بەوێنەی شاری ڕۆژئاوایی گەیشتە لووتکەی ڕق لێبوونەوە و ناشیرینی. چامەی وێرانە خاک تەنیا وەسفی شارێکی ڕۆژئاوایی نەدەکرد، بەڵکو گوزارشتکردن بوو لە دۆڕاندنی شەڕ و وێنەی ئەوروپا کە لەسەر گیاندان بوو و ئیلیەت لە ڕاستیدا زۆر گرنگی بەوێنەکێشانی شار نەدەدا وەک دۆگلاس بۆش لە کتێبی زانستی شیعری ئینگلیزیدا دەڵێ، بەڵکو بەجیهانبینی و گۆشە نیگای شیعری کە بڕ بکات بەناواخنی ئەو تێکشکانە گیانی و دەروونی و ئەخلاقییەی کە لای مرۆڤی ڕۆژئاوایی سەری هەڵدا پاش ئەوەی باوەڕی ئەو مرۆڤە بەگیان و بەها مرۆڤایەتییەکان تێک شکا.



ئیلیەت شاعیری مرۆڤی هاوچەرخ بوو لە وەسفکردنی ئەو تێکشکان و پارچە پارچە بوون و لێکترازان و لێکپچڕانەی کە ئازاری مرۆڤی ڕۆژئاوایی دەدا، ناوەند و چەقی شیعرەکانی نووزانەوەی نەوەیەک بوو کە شار و شەڕەکان تا سەر ئێسقان تێکی شکاندبوون. ژیانێکی وەسف دەکرد کە شیرازەی تێکچووبوو، ناخۆش بوو. لە ناو دەریای ئازار و ئەندێشە و گوێ بەهیچ نەدان هەڵقولابوو. لەلایەکی ترەوە ئەزموونەکانی شاعیران لەسەر شارەکان فرە بابەتە، یان باسکردنی ئەزموونێکە لە کۆنەوە ڕووی داوە لە گونددا دەیگوازێتەوە شار، لێرەدا شاعیرییان زۆر بوون بۆ ئەوەی دەربارەی شارەکان شت بنووسن. جا ئەگەر تەماشای ڕەهەندەکانی ئەزموونی شاعیران بکەین لە شاردا بێگومان ئیلیەت بەرزترین نموونەیانە چوار پەیوەندی سەرەکی دەدۆزینەوە:

یەکەمیان: دەموچاوی شار دەبینین.

دووەمیان: سروشتی ئەزموونی شار دەبینین لە چوارچێوەی قەرەباڵغی لە شاردا.

سێیەمیان: ئەو هەڵوێستە جەدەلییەی کە ئەزموونی شاعیر دروستی کردووە.

چوارەمیان: هۆکاری سیاسی بۆ بەچوارچێوە گرتنی ئەو پەیوەندییە، وەک ئەو سۆزە کۆنەی کە شاعیری گەورەی عەرەب بەدر شاکر سەیاب دەری بڕیوە بۆ (جیکۆر)ی شوێنی لە دایکبوونی. ئەو سۆزەی وەک دەربڕینێکە دەربارەی ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئەو کاتی شاری بەغدا لە پاڵ هۆکاری تایبەت و پەیوەست بەنەخۆشی سەیاب لە ماوەیەکی تایبەت و دیاریکراودا.

بۆ دوانیش لەسەر ئەزموونی ژیان لە شاردا، پێویستە ئەو ئەزموونە بپشکنین لەسەر دوو ئاستی (تاک و کۆمەڵ)دا لە باسکردنی ئازارەکانی شاعیر:

- تاک (شاعیر)
- بارودۆخی تایبەتی خۆی.
- هۆکاری پەیوەست بەکاریگەریبوون.
- سرووش وەرگرتن.
- حاڵەتی نووسین.
- کۆمەڵ (شاعیران)
- بارودۆخی گشتی کۆمەڵ.
- هۆکاری پەیوەست بەئاستی ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەریبوونە.
- سرووش وەرگرتن.
- حاڵەتی نووسین.

کە لە باسکردنی ئازارەکانی شاعیر لە سروشتی ژیان لە شار وەک تاکێک دەکۆڵێتەوە، لەلایەکی تریشەوە وەک تاکێک لە ناو کۆمەڵێکدا کە هەموویان بەکۆمەڵ ئەزموونیان هەیە لە ژیاندا.

- شاعیر (تاک)
- ژیان لە شار.
- ئەزموونی تایبەت.
- گوزارشت لێکردن.
- شاعیر وەک تاکێ لە ناو کۆمەڵ
- ژیان لە شار.
- ئەزموونی تایبەت + ئەزموونی گشتی.
- گوزارشت لێکردن.

لە کاتێکدا یەکێ لەو دیاردانەی کە هەست پێ دەکرێ لە ژیانی شاعیر



لە شاردا، هەستکردنە بەنامۆیی، لەوانەیە ئەو هەستکردنە پەیوەندی هەبێت بەئەزموونی خۆشەویستی شاعیرەکەوە، کە شاعیر ئەو هەستەی لادروست دەبێت کاتێ ئەوەی خۆشی دەوێت بۆی دەستەبەر نابێت. ئا لەو کاتەدا ئەو هەستە بەهێز دەبێت، ئەگەر چی شاعیرەکە لە ناو قەرەباڵغی شتەکان مۆڵگە درابێت ئەگەر لە نێوان شاعیرەکە و ئەوی تر پەیوەندی نەبێت، دیارە هەستکردن بەو نامۆییبە پچڕاندنی ئەو پەیوەندییە نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکە بۆ ڕووی ژیان لە شاردا. هەر بۆیە ڕەخنەگر ج.م.هاید لە نووسینێکیدا (شیعری شار)دا دەڵێ:" دەتوانین بڵێین شیعری نوێ لە شاردا لە دایک بووە، لە ڕێگای (بۆدلێر)ەوە لە پاش ئەوەی ئاشکرای کرد و دۆزییەوە کە قەرەباڵغی مانای تەنیایی و دوورە پەرێزییە".

شاری قەرەباڵغ و پڕ هەراو زەنا هۆی لەدایکبوونی شیعری گەورەیە، بەدوای یەکدا هێنانەوەی شیعری چەند شاعیرێکی وەک: (ئەنوەر قادر محەمەد، دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر) جیهانبینی و گۆشەنیگایان دەنوێنێ.

(ژان دارستان، فرمێسک ڕووبار، خەمیش کەنار،
ئازار ئاسمان
جاران ناوت پڕشنگێ بوو
ئەڕژایە ناو تاریکایی هەوری گریان
ئێستا ناوی شمشێرێکە و
دڵی منیش سەری "حسەین"
ئێستە یادت گۆلی قوڵی "زرێبار"ەو شیعرەکانم
ئەو هەزاران هەزاران مەلەن، بەرەبەیانییان،
بەدڵ شاری خۆشەویستی نقومبووی من ئەلاوێنن

ئەی چۆن شارێ لە پێغەمبەر یاخی بێ
توورەیی خوا نایکا بەناخی زەویدا؟!)(أ)

***

(بازێک لە ناو بۆفیەدایە
بانگی دەکەمە دەرێ لەسەر بەرزایی شیعرێک هەڵنیشێ.
بازێک هێندەی چنگێک دەبێ
لەسەر بەردێکی بۆیەکراو
ڕەق بۆتەوە
تەیرێکی چکۆڵەی گرتووە
بەئامان و زەمان بەری نادا.
بازێک سەیری یەک شوێن دەکا
تەلێک لەشی ڕاگرتووە
با ناچێتە ناو باڵییەوە
فڕینی لە بیر چۆتەوە.
دایکم حەزی لە بازێک بوو
لەگەڵ خۆی بیباتە بازاڕ
وەختی چێشت لێنان لە دیاریەوە بێ
ئاوی بن کووپە بخواتەوە
خواردن لە قاپی نایلۆندا بخوا
کە دوژن بوو خۆی بیشوا
کە خەوی هات بیخەوێنێ.
بازێک لە ناو بۆفیەدایە
باوکم بەدیاری هێنابووی



لە سەفەرێکی بەغدادا.
نە بایەک چووە ناو باڵی
نە تیشکی هەتاوێک لێی دا
نە دایکمی ناسی.
بازێک بانگ دەکەمە ناو شیعرێکەوە
لە تەنیایی دەیهێنمە دەرێ و
فێری دەکەم
چۆن خۆی بکوژێ.)(ب)

***

لە پێشوازی چ دەوەستیت!؟
هاتنی ڕەوە قەل و داڵ،
یا داوە خوێنی ناو هەواو خاک
ناخت بپێچەوە ناو یەک
بڕۆ سەر ڕێگای گەردوون، کەمێکی تر
ئەویش دەگاتە ئێرە، دوا قومە ئاو
لەم ماڵە هەژارە دەخواتەوە،
لە میهرەبانی ڕازییە
لەگەڵیا دەکەوێتە سەما
دواییش ناخیان دەپێچنەوە ناو یەکتری و
کتوپڕ ون دەبن
لە پێشوازی چ دەوەستیت
سۆزم
بیرەوەرییەکانم

خاوەنی هیچیان نیم
هەڵبزرکاون، لەبەر بارانیش خڕ نابنەوە
لە شتێکی تریش ورد نابمەوە
لە ساکاری ئاویشم ڕەت داوە
بۆیەش دەزانم، ئەنجام بۆ منە !)(ج)

***

(زەنگی دەرگا لە ددانی فیل دروست کراوە
چاوم پێش جەستەم ناردە ژوورێ
قادرمەی پێچاوپێچ پلەکانی دەجەنگێن
کەرتە مۆمێک محەجەرەی دایە دەستم
دەستی خز و لووسی محەجەرە یارمەتی دام
ڕێ پێدراو و ڕێ پێنەدراو
فەوزایەکی جوانیان کردۆتە مارش و دەبێتە هێما
بۆ دەرەوەی شاری خانەدان دەرت دەکەن
لە دەرەوەی شار گەمە لە گۆڕەپانی بەرگری دەکرێت
سروشت دەم کراوەیە
ئاگری فڕ و فێڵەکانی شار سارد دەکاتەوە
ژوورێکی بازنەیی بەقەنەفە پڕ کراوە
چاوی سڕ کردم
تەم و مژێک لەسەر چاویلکەم کۆبووەوە
سەرنشینەکانی مردوون
سەیرکەرەکانیش بەزۆرە ملێ پێدەکەنن
لەو ماڵەدا کە باخچەیان هەتاوی زۆرە



ژنەکە خەریکی دروستکردنی کێکە
کشمیشی لە ناو فڕنی تەباخەکەیان بلاوکردووەتەوە
کەوەنتەرە بۆیە کاڵبووەکەی کردەوە
بەچەقۆیەک کەرت کەرتی کرد
لەگەڵ مێردەکەی هاتنە ناو باخچەیان
کە بۆنی خێزان هەوای خۆش بووە
چا بەکێکەوە بخۆنەوە
مارێک کراسەکەی لە نابێنیان دانا
خۆی بەکرێمی کێکەکە چەور کرد
خەریکی ئاشقبوونە
فیل شفرەی لە ددانم دا
خوێنی گەرم ڕژایە ناو دەمم
خوێنی گەرمی مردووان
هرنەرمەند تابلۆی تازیەباری پێڕەنگ دەکات
ددانەکەمی لە نابێنی ژن و مێردە دانا
مارەکە بەپەلە کراسەکەی کردەوە بەر
لە ئاشقبوون پەشیمان بووەوە
ئاسمانی دەڵێت
کێ دەڕوات ڕوحی خۆمی پێدەبەخشم تا بەهێز بێت)(د)

## ئەنجام

ناتوانرێ وەک هەڵوێستی ئیلیەت و شاعیرانی تری ڕۆژئاوایی تەماشا بکرێ، چونکە ئەو تێکشکانە گیانی و بەها مرۆڤایەتی و ئەخلاقییە لە ڕادەبەدەرچووەی کە ئیلیەت بۆ نموونە لە زەمەنەکەیدا دەژیا، مرۆڤی کورد، شاعیری کورد هێشتان نەیگەیشتووتێ، پاشان شاعیرە نوێخوازەکانی ئێمە ڕاستە وێرانە خاک و وایتمان و ئەنابازیان خوێندۆتەوە، بەڵام نەبوون بەسەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان: (ئەنوەر قادر محەمەد، دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر)و شاردا.

شاعیرانی ئێمە ژیانیان لە شار بردۆتەسەر و ئیشوکارەکانیان جێبەجێ کردووە، کە شار وەک سیمای مادی و مەعنەوی کۆمەڵایەتی لە شیعریاندا بەرجەستە نەبووە، هەر بۆیەش شار لە شیعری کوردیدا وەک بزر دەژمێردرێ. چ وەک بونیادێکی مادی، یان وەک لایەنی ڕەشی نالەبار کە تایبەتمەندی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەخشیوە. لەلایەکی ترەوە شەڕی ناوخۆی کورد توانی کاریگەری خۆی جێ بهێڵێ کە زۆرێک لە شاعیران هەوڵی ئەوە بدەن نائومێدی مرۆڤی کورد وێنە بکێشن، بەڵام هەرکەسێ بەچاوێکی وردبینانەوە بڕوانێتە چامەکانی ئیلیەت، دەزانێ ناخۆشی و چەرمەسەرییەکانی ژیان ئەگەر لە پەنجەرەیەکدا بووبێ، تیشکێکیش هەر هەبووە ڕووی گەشی ئازادی تێکەڵاو بەگەشبینی دەربکەوێت، کەچی لای ئیلیەت ئەو پەنجەرەیە تێک شکابوو، ڕووبارەکانی گەشبینی و ئومێد هیشک کرابوونەوە. هەر بۆیەش مانگی نیسان قورسترین مانگ بووە لەلای.

ئینجا ئەگەر تەماشا بکەین شیعرەکانی ئیلیەت ڕاستەوخۆ نەبوو بۆ سیاسییەکان، بەڵکو بۆ خەڵکانێکن کە سیاسەت وای لێ کردبوون هیچ



بەها و ئەخلاقیێکیان نەمێنێ، بناغەی باوەڕ و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەڵوەشابۆوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئیلیەت ڕۆڵێکی بالا نەبوو لە دروستکردنی ژیانێکی خۆش و بێ گیروگرفت بۆ گەلی ئەورووپا کە شەڕەکان ماندووی کردبوون. بەڵکو تەنیا گیروگرفتی دەستنیشان دەکرد.

ئینجا دەگەڕێینەوە و دەڵێین شاری ئێمە بچووکە و پێشکەوتنی ماددی وای بەخۆ نەبینیوە کە بەو خەستییە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی ترس و دڵەڕاوکێ و نامۆبوون و بێ ئارامی. هەر بۆیەشە شاعیری کورد لەگەڵ شاردا گونجاو و تەبایە، نارەزایی بەرامبەر ڕووی دەرنەبڕیوە هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵدا نییە، چونکە هێشتان قەرەباڵغی وەهای لێ دروست نەبووە کە تەنیایی قورس بخوڵقێنێ. ئەوەندەش شەقام و بینایەی گەورەی تێدا دروست نەبووە تا مرۆڤ لەوە بترسێت پەرەسەندنی خێرای تەکنۆلۆژیا هەڵی لووشێت، تەماشاش دەکەین لە شیعری شاعیرانی ئێمەدا تەنیا ناوی شار دێت بێ چوونە بنج و بناوانی ڕوخساری شارستانی، واتە بونیادی شار وەک (شوێن). بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری شار وەک ئەوەی لای شاعیرانی ڕۆژئاوا دروست بووە لای شاعیرانی ئێمە بەو شێوازە دروست نەبووە. واتە شاعیرمان نییە بابەتی شار بووبێتە خولیای. لێرەدا گوناهی شاعیری کورد نییە، بەڵکو ئاستی شارستانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمە وای کردووە، دەرگای شیعر بۆ شار و نوێگەرێتی شیعر نەخرێتە سەر پشت.

٦ی کانونی دووەمی ٢٠٠٢ هەولێر

سەرچاوەکان

١- دوغـلاش بوش: لم شـعـر الانجليـزي خـلال الحـرب العـالميـة الاولي، نيـويورك، (١٩٥٠).

٢- اندريه نوشي: في مقـال له باسم (المدينـة في شعـر زمـاننا) في كـتـاب (الانسـان والمدينة في العالم المعاصر ت: د. كمال الخوري، دمشق، (١٩٧٧).

٣- ت.س.اليـوت: مـجـموعـة من قصـائده الخـمسـة، دراسـة، ترجـمـة: يوسف سـامي اليوسف، دار منارات، عمان، (١٩٨٦).

٤- د. علي جعفر العلاق: في حداثة النص الشعري، بغداد، (١٩٩٠).

٥- د. عبدالواحد لؤلؤة: الارض اليباب، الشاعر والقصيدة، بغداد، (١٩٨٦).

٦- خليل خوري: ازهار الشر (ترجمة كاملة)، بغداد، (١٩٨٩).

٧- فواد دوارة: هكذا كتبوا (مجموعة مقالات).

أ- ئەنوەر قـادر مـحەمەد، زريان، ١٩٧٨ بەغدا، دەقی (بەدەره دەس سەرما و سۆڵە)، ل٨٩.

ب- دڵشـاد عـەبدوڵلا، بزربوونی ناوێک، ٢٠٠١سلێـمـانی، دەقی (مۆمـیا)، ل٧٧-٧٩.

ج- جـەلال بەرزنجی، گـەرم نەبوونـەوە، ١٩٨٥بەغـدا، دەقی (ڕووتبـوونەوەیەکی تر)، ل٤٣.

د- سـەباح ڕەنجـدەر، ڕووەکــەکــانی خـواوەند، ١٩٩٩هەولێـر، دەقی (ڕێزمــانی کۆڵانەکان)، ل١٠٤-١٠٦.

*** لە ژمارە ٣٨ی گۆڤاری ئاینده بڵاوکراوەتەوە.**

# سەرەتایەک لە پەخشانە شیعری کوردیدا

## پێشەکی

بەگشتی ئەو شاعیرانەی شێوازی پەخشانە شیعریان پەیرەو کردووە، کاردانەوەیەکی هونەری و هزرییان لەسەر جووڵانەوەی شیعری سەربەست دروست کردووە، هەڵگەڕانەوەیەکی توندیان بەرپاکرد لەو ئاراستە و بۆچوونانەی کە شیعری سەربەست خستنیە ڕوو، بەجۆرێک دەیانەوێ شێوازێکی نوێی خاوەن خاسیەتی تایبەتی هەڵکەوتوو بنیاد بنێن، ئەمەش بەپشت بەستن بەو مانایەی (جولی سکوت) لە تێزی دکتۆرایەکەیدا بەناوی (شێوازی نوێ لە شیعری عەرەبی هاوچەرخدا، ١٩٠٠-١٩٦٥)[١] پاشان بەشێوەی کتێب بلاوی کردەوە دەنووسێت: (شتی کۆتایی لە شیعردا نییە، تا کاری شاعیر هەمیشە بخرێتە ژێر ئەزموونی ناوەوەی، ئەستەمە وا بیر بکرێتەوە کە هەر مەرجێ، یاسایێ، یان هەر بنەمایەکی شێواز مەرج بێت بۆ سنووردارکردنی شتەکان، یان بەواتایەکی دی کۆتاییبیە سادەکانی شیعر سنووردار بکەن).

بەم شێوەیە ئەو شاعیرانەی ئەم شێوازە پەیرەو دەکەن لە فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا هەست بەجۆرە ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ دەکەین. لە وانەشە زیاتریان پەیوەستدارتر بن بەجیهانبینی



ڕۆژئاوایی لە جیهانبینی ڕۆژهەڵاتی، ئەمەش بەتۆخی لە شیعری عەرەبیدا ڕەنگی داوەتەوە.

(سوزان بەرنار) لە کتێبی (پەخشانە شیعر لە بۆدلێرەوە تا ئێستا) وا دەڕوانێتە پەخشانە شیعر: (ناتوانین بەبۆچوونێکی تەواو پەخشانە شیعر دەستنیشان بکەین دوور لە ناوەڕۆک، بەڕێگایەکی وێنەیی، چونکە دەستبەرداری ڕێزمانێکی ئامادەکراو نییە). هەر ئەمەش وای کردووە پەخشانە شیعر بەپێچەوانەی جۆرەکانی تری شیعر، بەهیچ جۆرێ حەز لە قاڵبی داڕێژراو و ئەو ڕیتمانە کە لە دەرەوەیدا بەسەری چەسپاون نەکات. بەمجۆر و ئامانجە پەخشانە شیعر لە ڕۆیشتنی خۆیدا بەردەوام دەبێت، هەر تەنیا لە شعری ناوەڕۆک پەخشان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە قاڵبە ڕەوانبێژییەکان و ڕواڵەتە مەنتیقی و شێوازە لەرزۆکەکانیشدا.

کە دەرئەنجامی تلانەوەیەکی ناخۆش بێت، ئەو کاتە سەر هەڵبدات کە شیعری کێشدار نەیتوانیبێ دەری ببڕێت، هەڵچوونێکی تێکخراوی وەها بێت کە لە ناوەوەی شاعیر بتەقێتەوە و مەودای زیاتر لە هزر دەرببڕێت. لە کاتێکدا هەندێ کەس و ڕەخنەگر وا دەڕواننە پەخشانە شیعر کە نووسینێکی ئەدەبییە و بەشیعر دانانرێت، هیچ بەڵگەیەکیش لە ئارادا نییە پەخشانە شیعر، شیعر بێت، بێجگە لە هەڵسەنگاندن و ڕاوبۆچوونی هەریەک لە نووسەران نەبێت. بەمەش پێناسەکە دەگەڕێتەوە سەر بنەمایەکی تاکە کەسی و تێڕوانینی تایبەت. کەچی هەندێکی دی وا دەڕواننە ئەم ژانرە ئەدەبییە هەر چەندە هونەری زامن لە هەوڵی جددی و یاخیبوونێتی لەسەر بەسنووردارکردنی ڕوخسار و زمان، هەر چەندە بیەوێ لە حاڵەتێکی ئاژاوەگێڕی تێکدەر بژێت، هەروەک ئەو بنەمایەی کە شیعر پێی دەناسرێتەوە ئاژاوەگێڕ و تێکدەرە، لەیەک کاتدا لەگەڵ هێزی ئاژاوەگێڕدا مەیلی ڕەتکردنەوەی شێوازە باوەکان بکات و توانا و ئاراستەی ڕێکخەریشی هەبێ مەیلی دروستکردنی یەکێتی شاعیریەتییەکە بکات.

ئاژاوەگێڕ و تێکدەر +مەیلی ڕەتکردنەوەی شێوازە باوەکان = (پەخشانە شیعر)

ئاژاوەگێڕ و تێکدەر+ مەیلی دروستکردنی یەکێتی شیعر = (شیعری سەربەست)

کەچی یاخیبوونیش یاسا باوەکان، پێویستە لەسەر پەخشانە شیعر یاسایەکی تایبەت بەخۆی بسازێنێ، یان خۆی تێکەڵاوی یاسای تایبەتتر بکات. بێجگە لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی تایبەتی تریش.

لەگەڵ ئەمانەش پەخشانە شیعر دەبێت پشت بەچەند ڕێگایەکی تر ببەستێ تا لە زەمەنی بازنەیی ڕزگارمان بکات.

ئەو شیعرەی لەسەرەتادا بەدیقەتێکی زۆرەوە بۆ دۆزینەوەی توخمی شیعری نوێ لە پەخشاندا هەندێ لە ڕازاندنەوەی شیعری وەک کێش و دوانەی ئیقاع ... تاد، هێشتەوە. پاشان زیاتر پشتی بەپەخشان بەست، بەجۆرێ کە زۆربەی کاریگەرییەکەی لەوەدا خۆی گرتەوە کە لێزیادبوونی شیعری نوێی پڕ بەپێستی خۆی وەربگرێت . ئینسکلۆپیدیای برنستۆن بۆ شیعر و شاعیر واپێناسەی پەخشانە شیعر دەکات: (دەقێکە دەتوانێت زۆربەی سیفەتەکانی ئەو شیعرە هەڵبگرێت کە خۆی لە چامەی گۆرانیدا دەبینێتەوە)[٢].

لەوەی ڕۆیشتوو، دەتوانین بەوە پێناسەی پەخشانە شیعر چڕ بکەینەوە کە چەشنێکە لە چەشنەکانی دەربڕینی شیعری، لە شیعرییەتدا شاعیرییەتی دوور لە سیفەتەکانی شێوازی ئەو شیعرە، ئەوەی پێوەندی بەڕژێمی نووسین وا بڕوانێتە سیماکانی پەخشانە شیعر:

١- دەتوانین بەخشانە شیعر بەچەشنی ئەدەبی سێیەم دابنێین لەگەڵ هەردوو چەشنی شیعر و چەشنی پەخشاندا، ئەمەش بەگوێرەی ئەو بۆ چوونەی کە زۆرێک لە ڕەخنەگران لەسەری ڕێک کەوتوون کە دوو چەشن هەیە:



ا- چەشنی شیعر

ب- چەشنی پەخشان

ماوە ماوە لە نێوانیاندا چەشنێکی دی پەیدا دەبێت نەشیعری تەواوە، نە پەخشانی ئاساییشە.

٢- هاتنە دەرەوەی پەخشانە شیعر لەو پێوانە باوانەی کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چەسپاو بوو بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانی نێوان شیعری سەربەست و پەخشانە شیعر.

٣- فەرامۆشکردنی ئەو سنوورەی کە هەندێ لە ڕەخنەگران هەوڵیان دەدا بیچەسپێنن بۆ پەخشانە شیعر، وەک درێژیی نووسینەکە و چۆنیەتی نووسینی، کە هەرگیز لەسەری پێک نەهاتبوون، تا ئەو شاعیرانەی دەشیان نووسی لەسەری نەڕۆیشتوون. بۆ نموونە بۆ چۆنیەتی نووسینی کە دەبوایە لەسەر شێوازی (بڕگە) بێت نەوەک لەسەر شێوازی (دێڕ)، لە درێژی نووسینیشدا وەک چامەی (گۆرانییەک بۆ خودی خۆم)ی شاعیری ئەمریکی (واڵت ویتمان) نزیکەی شەست لاپەڕە دەبوو. لە ڕۆژئاوادا زۆرێک لە ڕەخنەگران سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر دەگەڕێننەوە سەر بنەڕەتی هەندێک لە کارە شیعرییەکانی شاعیری فەرەنسی (ڕامبۆ) کە ئەو پەڕی توانا و شیعرییەتی ئەم چەشنە شیعرەی بەڕوونی دەرخستووە، بەتایبەتیش لە چامە بەناوبانگەکەیدا (وەرزێک لە دۆزەخ) و (درەوشانەوە)، لە هەمان کاتدا لە فەرەنسیدا بەهۆی ئەو هەڵەیەی کە توێژەرانی ئەدەبی فەرەنسی تێی کەوتبوون، زاراوەی (پەخشانە شیعر) تێکەڵاوی چەند زاراوەیەکی تر بووە وەک: (Vers Libre) , (Prose Poerique) ، لە ئینگلیزیشدا بەهەمان شێوە وەک: (Poetic Prose) , (Free Verse) . زیاتر لەمانەش زاراوەی (Poem

(Prose هەندێ جار لە لایەن ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان بەکارهێنانی دوور لە گیانی لێپرسراویەتی بەکارهاتووە کە ئاماژەو هێما بوویێت بۆ هەموو نووسینێکی ئەدەبی کە تێیدا (هۆش) بەشێوەیەکی ئەنقەست و مەبەستدار بەکاربهێنرێت، لە زەمەنی ئینجیلەوە تاکو ئەمڕۆ.

دیارترین نموونەش لە پەخشانە شیعر لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، ڕەخنەگرەکانیان دەیگەڕێننەوە بۆ شاعیرێکی ئەفسانەیی ئێرلەندی بەناوی (ئۆسیان) کە لە چەرخی سێی زایینیدا ژیاوە و بەچامە کورتەکانی ناسراوە، کە پڕیەتی لە پەند بەئینگلیزی پێی وتراوە (Aphoristic Prose poem) لە مێژووی ئەدەبیدا هیچ شتێکیش دەربارەی (ئۆسیان) نازانین کە ئەم پارچە شیعرانە بۆ داهێنانی ئەو دەگەڕێتەوە. (د.عەبدولستار جەواد) لە نووسینی (پەخشانە شیعر لە ئەدەبی ئینگلیزیدا) لە (الادیب المعاصر)ی ژمارە (٤١)ی ساڵی (١٩٩٠)دا بڵاوی کردۆتەوە، بەم شێوەیە باسی ڕەگی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی ئینگلیزیدا دەکات و دەنووسێت: (شاعیری ئینگلیزی (جێمس ماکفرسون ١٧٣٦-١٧٩٦ز) کۆمەڵە شیعرەکانی (ئۆسیان )ی کۆکردۆتەوە، گوایە زمانی (گالیک – Galic) لە باکووری بەریتانیای ئێستا بەکارهاتووە، وەری گێڕاوە). کەچی هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی شارەزا لەسەر ئەدەبی ئینگلیزی ئەو وتەیەی نەسەلماندووە. (د.عەبدولستار جەواد) زیاتر دەنووسێت: (جێمس ماکفرسون) بەوە ناوبانگێکی باشی پەیداکرد، بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی (ئۆسیان) کە ئێرلەندییەکان و ئوسکوتلەندییەکان وا بانگەشەیان دەکرد سەربەوانە. واش بڵاوە کە شاعیری ئەڵمانی (گۆتێ) کاریگەر بووە بە (ئۆسیان)، کەچی هەر پاش بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانەکانی (ماکفرسۆن)، گومانێکی زۆر سەری هەڵدا کە یەکێ لەو گومانبەرانە وتی: (ماکفرسۆن) خۆی ئەو شیعرانەی نەنووسیوە، کە ئەویش (سامۆئێل جۆنسۆن) بوو. لێکۆڵینەوەو بەدوا داچوونەکانی (سامۆئێل جۆنسۆن)



دەریانخست کە (ماکفرسۆن) خۆی ئەو شیعرە ئەفسانەییانەی دووبارە نووسیوەتەوە و شتی لێ زیاد کردوون)، بەڵام ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت هەروەک (د.عەبدولستار جەواد) دەڵێت: (زۆربەی ئەلیزابێسییەکان لە پەخشاندا هەندێ ئیقاعاتی شیعریان خستە ناوەوە بەتایبەتی لەوەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. ئەو نووسینە پەخشانییەی کە هی (میلتۆن) و (تۆماس براون)ن لەگەڵ هی (ڕاڵی) گەورەترین ڕاستین کەچی بەکارهێنانی ئەو ئیقاعە شیعریە لەلایەن ئەو نووسەرانەوە دوور لە سیفەت پێبەخشینی شیعر بوو، بەڵکو زیاتر عەفەوی بوو، بۆیە نووسینەکانیان پەخشانی بوو.

یەکێ لەو شاعیرانەی کە زۆربەی لێکۆڵەرەوان بەدامەزرێنەری پەخشانە شیعری دادەنێن لە ئەدەبی ئینگلیزیدا (تۆماس دیکوینسی ١٧٨٥ – ١٨٥٩ز) یەکێکە لە خەیاڵفراوانیدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی سنووری زمان، بەجۆرێ چامەی پەخشان دەسەڵاتی سەپاندۆتە سەر پانتایی مۆسیقای شیعرەکانی.

دەتوانرێت (دیکوینسی) بەدامەزرێنەری پەخشانە شیعریش دابنرێت لە ئەدەبی ڕۆژئاواییدا، هەروەک (دایڤید پیرکینس) لە کتێبی (نووسەرە ڕۆمانتیکییە ئینگلیزییەکە)دا لە ساڵی (١٨٦٧) لە ئینگلتەرە بەزمانی ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە، وای دادەنێت[٣]. (پیرکینس) ئەوەش دەنووسێت: (دیکوینسی) پێش (شارل بودلێر)ی فەڕەنسی پەخشانە شیعری نووسیوە، بەڵکو پێش (ئەلویسیۆس برتراند) خۆی پێی کاریگەر بوو سوودیشی لێ وەرگرتووە[٤].

بەناوبانگی (برتراند) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نزیکەی ساڵی (١٨٣٠ز) کۆمەڵێک پەخشانە شیعری نووسی و لە ساڵی (١٨٤٢ز)دا واتە ساڵێک پاش مردنی، بەناونیشانی (کەشتییەکانی مردن) بڵاوکرایەوە کە زۆربەی ڕەخنەگران بەوە لێکیان دایەوە ئەو کارە پەخشانییە شیعری فەڕەنسی

هەڵگوشی. ئەوەی ئاشکراشە هەروەک (پیرکینس) لە کتێبی پێشوویدا دەنووسێت: دیکوینسی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (دانپێدانانەکانی ئینگلیزییە خوو بەئەفیون گرتووەکە) لە ساڵی (١٨٢٢ز) بڵاوی کردەوە، بەشەکانی لە چەند گۆڤارێکی پێش ئەو مێژووە بڵاوکردەوە، کە باس لەو ساتانە دەکات ئەفیون وەک ڕێگا چارەیەک بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی بەکاردەهێنا، ئەو دانپێدانانەی شتی زۆر جوانی لێ دەرچوو لە وەسفکردنی خەونەکانی لە ژێر کاریگەری ئەفیون کە پەخشانە شیعری لە بەرزترین وێنەدا بەکارهێنا. ئەوەی ئەو کتێبە بەنرخە بخوێنێتەوە هەست بەمۆسیقای زمان دەکات کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ پاڵەوانانی پەخشانی ئینگلیزی لە چەرخی حەڤدەدا وەک (تۆماس براون) و (جۆن میلتۆن) هەروەک (پیرکینس) وا وەسفی دەکات، ئەوەی جێگەی سەرنجە (شارل بۆدلێر)ی شاعیر بەو دانپێدانانەی (دیکوینسی) زۆر کاریگەر بووە و زۆربەی زۆری وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و لە کتێبەکەیدا بەناوی (بەهەشتە هەڵواسراوەکان - ئەفیون و حەشیشە)دا بڵاوی کردەوە کە لەساڵی (١٨٦٠) چاپ بوو. زۆرێک لە ڕەخنەگرانیش بەدانەی فەرەنسی ئەو دانپێدانانەیان شوبهاند لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر (دیکوینسی)، پاشان (شارل بۆدلێر) لە نێوان ساڵانی (١٨٥٦-١٨٦٥ز)دا چیرۆکە خەیاڵ و ڕازگرەکانی (ئەدگار ئالان پۆ )ی ئەمریکی وەری گێڕا کە ئەم کاریگەرییەش بەپێزەکەیدا (چامە پەخشانییە کورتەکان) ڕەنگی دایەوە، ساڵی (١٨٦٩ز) بڵاوی کردەوە.

(وعما قليل ستدق الساعة المقدرة
في كتاب الغيب، التي يحين فيها للحظوظ
ويحين للفضيلة، وقد اصبحت
بمثابة خليلتک العذراء



ويحين للندم، "ياله من ملجأ اخير "
يحين لها جميعا في هذه الساعة، ان
تهتف بک: مت ايها الجبان المسكين
فقد افلتت منک الفرصة، ولات حين مناص)[٥]

ئەو چیرۆکە سیمبۆلیزمییە بۆدلێرییە و خەیاڵە فراوانەکەی کە لە پەخشانە شیعرییەکانیدا دەری بڕیون، دەگەڕێنەوە سەر چیرۆکەکانی (دیکوینسی) لە بارەی خەونەکانی دەری بڕیون کەچی هەروەک (دیڤید پیرکینس) لە کتێبی ناوبراویدا دەنووسێت: (ئەمە لە ئەفراندنی (شارل بۆدلێر) کەم ناکاتەوە، چونکە هونەرمەندی بلیمەت ئەو شتەکان دەخولقێنێتەوە و دەیگۆڕێتە سەر شێوە و ئەفراندنێکی ڕەسەن، هەر چۆن شتەکان لەژێر سێبەری هەست و سروشتی تایبەتی خۆی دروست دەکاتەوە).

(شارل بۆدلێر) لە (ئەدگار ئالان پۆ)ی ڕۆماننووسی ئەمریکی ئەوە فێربوو، جوانی زۆر جوانتر دەبێت کاتێک لەگەڵ شتە زۆر سەیرەکاندا تێکەڵاو دەبێت، هونەریش بێلایەنە لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

(شارل بۆدلێر) لە ماوەی خوێندنەوەی شیعری ئینگلیزی و کارەکانی (واڵت ویتمان) بەتایبەتی (پەلکە گیا)دا توانی ئاسۆی شیعری فەرەنسی فراوان بکات و بیکاتە یەکێ لە گەورەترین پاڵەوانی شیعری نوێ، پەخشانە شیعرییە کورتەکانی، ئەزموونێکی گرنگ بوو بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ (ئارتۆر ڕامبۆ) تا وای لێ بکات (وەرزێک لە دۆزەخ) و (درەوشانەوە) دابهێنێت کە هەوڵی دا تێیدا ببێتە بەختگرەوە کەچی (ئارتۆر ڕامبۆ) پەخشانە شیعری کردە چەشنی گرنگتر. گرنگی پێ دان کە زۆرێک لە شیعرەکانی لەسەر ئەو چەشنە بنیادنا. لەئەدەبی عەرەبیشدا، پەخشانە شیعر بەو شێوەیە هات کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ دا، لە ناو

شـيـعـرەكـاندا هەست بەجـۆرە ڕۆشنبـيـريـيـەكى ڕۆژئاوايى زاڵـتـرە لە پەيوەستدارى بەجيهانبينى و ڕۆشنبيرى ڕۆژهەڵاتى.

لە نەخشـەى ئەدەبى عـەرەبيـدا، لە كـۆتاييـيـەكـانى چەرخى نۆزدەيەمـدا هەندێ نـووسين هاتە كـايەوە كـە خـاسـيـيـەتەكـانى پەخـشـانە شـيـعـريان هەڵگرتبوو، واى لە هەندێ لێكۆڵەرەوان كرد، واى دابنێن سەرەتايەك بێت بۆ پەيدابوونى ئەو چەشنە ئەدەبە لە ئەدەبى عـەرەبيـدا، هەر بۆ نموونە بەرهەمەكانى (فەرەنسيس فەتحوڵڵا مرادش) و (ميـقـۆلا فـەياز)، كەچى سەرەتاى ڕاسـتـەقـينەى بۆ نـووسەر و شاعـيرەكـان لە دەستى دوو شاعـير (ئەمين ڕەيحانى) و (جوبران خەليل جوبران) سەرى هەڵدا، پاشان (مەى زيادە) بەشـدارى كـرد لە نووسين بەم چەشنە. كـەچى زۆرێك لە لێكۆڵەرەوانى ئەدەبى عـەرەبى (جۆرجى زێدان) بەيەكەم كەس دادەنێن كە زاراوەى (پەخشانە شيعر)ى بۆ ئەم چەشنە نووسينە بەكارهێناوە، ئەمەش لە وەسفكردنى چامەيەكى (ئەمين ڕەيحانى) كە لە گـۆڤـارى (هيـلال)ى ساڵى (١٩٠٢)دا بڵاوكراوەتەوە.

سـاڵى (١٩١٠)ش (ئەمين ڕەيحـانى) بڵاوى كـردەوە لە پەخـشـانە شيعرييەكانيدا لاسايى شاعيرە ئينگليزى و ئەمريكييەكانى كردۆتەوە. بەتايبەتيش (وليام شكسپير) و (واڵت ويتمان). هەر ئەوەش واى كرد ساڵى (١٩١٦) شيعرێكى (واڵت ويتمان) بەناوى (بۆ ئەو كەسەى كە مەبەستە) وەربگێڕێت.

ساڵى (١٩٥٧) گۆڤارێك بەناوى (شيعر) دەرچوو، بۆ ئەوەى پەخشانە شيعر يەكێك لە كۆڵەكە سەرەكييەكانى بێت كە گۆڤارەكە پشتى پێ ببەستێ. (كەمال خەيرى بەگ) لە كتێبى (بزاڤى نوێگەرى لە شيعرى عەرەبى هاوچەرخدا) بەم شێوەيە باسى پەخشانە شيعر دەكات لە لبنان: (ئەو پەخشانە شيعرييانەى لە لبنان لە ماوەى دەرچوونى گۆڤارى (شيعر)



دەنووسران. لەژێر كاريگەرى (جوبران خەليل جوبران) و (ئەمين ڕەيحانى) و (مەى زيادە) بوون. ئەو نووسەرانەش ئەمانە بوون (نيقۆلا قوربان، ئەدفيك شيبوب، فوئاد حەداد، ئونسى ئەلحاج، ...تاد) ئەو نووسەرانە پەينى زەوى پەخشانە شيعرى ئەو گۆڤارە بوون). لە جێگايەكى تر (خەيرى بەگ) دەنووسێت: (گرينگيدانى ئەو نووسەرانە بەپەخشانە شيعر، ڕێگا خۆشكەر بوو بۆ شاعير و نووسەرانى تر كە ئەوانيش پەخشانە شيعر بنووسن، كە هەمووشيان لەژێر كاريگەرى شاعيرانى تاراوگە و ڕۆژهەڵاتى عەرەبدا بوون). لەو كۆمەڵە شاعيرانەش بەتايبەتى (ئەدۆنيس) و (ئونسى ئەلحاج) كتێبى (پەخشانە شيعر لە بۆدلێرەوە تا ئێستا) كە ساڵى (١٩٥٩) بەفەرەنسى دەرچوو، وەك سەرچاوەيەك بۆ گۆڤارەكە و كۆمەڵگەيان نرخاند.

(ئەدۆنيس) لە نووسينێكدا بەناوى (پەخشانە شيعرەوە) بيروڕاى خۆى دەربارەى پەخشانە شيعر بەپشتبەستن بەكتێبەكەى (سۆزان بەرنا) چڕكردەوە. ئەوەبوو ساڵى (١٩٦٢) كە (ئەدۆنيس) لە شيعرى (تحولات العاشق)[٦]دا هەندێك لەفزى بەكارهێنا لەسەرەتاى دێڕەكانيدا، ئەو لەفزانەش وەك كليلێكى ئيقاع لە بەشەكانى چامەكە:

(كانت وهي تقرا تكشف اسرارها
رايت فيلا يخرج من قرن الحلزون
رايت جمالا واحصنة في محارات بحجم الفراشة
ولد أمام عيني كائن نصفه حجر، الآخر حيوان
اشارت اليه هامسة، هذا هو المرأة...)

(ئونسى ئەلحاج)يش كە بەدەرچوونى ديوانى (لن)[٧] هەراوزەنايەكى بێشومارى نايەوە لە پێشەكى ديوانەكەيدا بەم شێوەيە ڕاى خۆى لەسەر پەخشانە شيعر دەردەبڕێت: (ماوەى عەرەبى ئيسلامى، ماوەى

داڕووخـانێکی بەردەوام بوو، ئەرکی مـرۆڤی یاخی بووە، کـە کـاربکات بۆ ڕووخـاندنی ئەو مـاوەیە، ڕووخـانێکی تەواو). (د.خـالیـد سلێـمـان) لە لێکۆڵـینەوەیەکی تێـــر و تەســەلی بەناوی (ئەلیـــونکیـــۆن لە وڵاتی ئەســپـــەکــاندا) دەنـووســێت: ((ئەو ڕایەی «ئونسی ئەلحـــاج» ڕایەکی ئیستفزازییە و لێی وەرناگیرێت، چونکە هێرش دەکاتە سەر پیرۆزییەک کە گەل شانازی پێوە دەکـات و مـێـژووش بەم شێـوەیە دەشـێـوێنرێت) لەگـەڵ ئەمانەشدا شاعیر و نووسەرە عەرەبەکان، ڕەخنەشیان لەم چەشنە شیعرە گرتووە، هەبووە بەتەواوی ڕەتی کـردۆتەوە، لەوانەش (نـازک مـەلایکە) لە کتێبی (کێشەکانی شیعری هاوچەرخ) دا کە لە ساڵی (١٩٦٥) بڵاوی کـردووەتەوە پێـشـتـریش لە سـاڵانی (١٩٥٤ - ١٩٦٢)دا لە هەردوو گۆڤـاری (الادیب والاداب)ی بەیروتیـدا بەشـێـوەی وتار بڵاوی کـردبۆوە، پەخشانە شیعر بەشیعر دانانێت. بەو پێودانگەی کە:

١- پەخشانە شیعر نەشیعرە نەپەخشانە.

٢- گومـانکردن لەو شـاعیـرانەی کـە بەم چەشنە شـیـعـر دەنـووسن و ئەو ڕەخنەگرانەش کـە هانی ئەو شـاعیـرانە دەدەن، لە هەسـتی پابەندبوون بوونەتەوە.

٣- بانگەوازێک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم چەشنە شیعرە، بەپشتبەستن بەو خاڵانەی ئاماژەمان بۆ کردن.

ئەو هێـرشـانەی (نازک مـەلایکە) لەوەوە خـۆی دەگـرێتـەوە کـە ئەو شـاعـیـرانەی بەوە تاوانبـار دەکـرد زیاتر پابەندی خـۆبەسـتنەوەیان هەیە بەجـیـهـانبـینی و ڕۆشنبـیـری ڕۆژئـاوایی، ئەمـەش بەپشـتـبـەستن بەو نووسـینانەی کـە ئەو کـۆمـەڵە شـاعـیـرە دەیان نووسی. ئەوەتا (د.خـالیـد سلێمان) لە وتارەکەی پێشوویدا دەنووسێت: (ئەدۆنیس) هەر بۆ نموونە، کێـشـەی چاو پێـداخشـاندنەوەی بەکلتـووری عـەرەبی، بۆ سـازدانەوەی لەو



کلتووری سەر لە نوێ، یەکێ بوو لە ئامانجە هەرە گەورەکانی، چەند جارێک لەو مــاوەیەدا داوای ئەوەی کـــردووە کـــە بەدوای ڕەگی کلتـــوورمـــان لە شارستـانییـەتە کۆنەکانی سوریا و میسر و عێـراق بگەڕێین، جەختیـشی لەسەر ئەو شارستـانیییەتانە کردەوە کە لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستدا دامەزرابوون.

بۆ ئەدەبی کوردیش، پێش هەمـوو شـتێ جێگای خۆیەتی ئەو پرسیـارە بوروژێنین: ئایا لە ئەدەبی کـوردیدا پەخشـانە شـیـعـر سـەری هەڵداوە؟ پاشـان: کـێن دیارترین ئەو ناوانەی کە ئەو چەشنە شـیـعـرە کـێـشـەییـیـانە دەنووسن؟ لە ڕاستـیدا دوان لەسەر ڕەگوڕیشەی پەخشانە شیعری کوردی دەمانگەڕێنێتەوە سەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆری، کە دەگەڕێتەوە سەر حەیران و لاوک کە خۆی لە بابەتەکاندا دەبینێتەوە. هەندێ لە نووسەران پێیان وایە کـە ئەو پەخـشـانە شـیـعـرەی ئەمـڕۆ دەنووسـرێن لەگـەڵ چەمکی پەخـشـانە شیعری ئەوروپی یەک ناگرنەوە.

بەڵکو وای بۆ دەچن کە ئەوانەی خۆمان تەنیا زمانەکەیان بەرەو پەخشان چووە و نەتوانراوە چەشنێکی نوێ لە شیعر دروست بکرێت.

کەچی هەندێکی دی وای بـۆ دەچن کە لەگەڵ ئەوەی پەخشانە شیعر دەبێ پیـاسـەیەکی دوور و درێژی کـورتی تـەمـەن بێت لەسـەر تۆپی نائارامی بووندا، بۆیە شیعری کوردی تا ئێستاکە نەیتوانیوە چەمکی (نائارامی) لە پەخشـانە شـیـعـردا بەو ئاسـتـە ببا کـە شـیـعـری ڕۆژئاوایی گـەیشـتـووەتێ. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە پەخشانە شیعر لە ناو شاعیرانی کورددا نییە، بەڵکو ئەم چەشنە شیعرە لە ناو شیعری شاعیرانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە و هەست بەهەوڵی ئازایانەش کـراوە. هەر بۆ نموونە: لە شــیــعــرەکــانی: (لەتیف عەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، سەلاح شوان، سەلام محەمەد)دا:

(من بۆیە ئەم پیرەژنە ئەکوژم کە لەناو گەلای
بەفرە کۆنەکان هەڵتووتاوە

چونکە ئەو سێبەرە کرۆشکەی کردووە لە منداڵدانیا
کە هەمیشە وەک جاڵجاڵۆکە
لە گری تەما زەنگی پەنجەرەکان
بەکەڕووی سالگار لاڵ ئەکات
بۆ ئەوەی گوێی مێژوو کەڕ کات
لە عاستی چرکەی کاتژمێرەکان
بەر لەوەی ئەو کرمانە لە دایک بن
کە گلێنەی سامناکی فیکەیان بۆ ئەکێشێ
ئەو هێلکانە ئەشکێنم کە ئەوگار
وەک بیابان دوکەڵێک کرکەوتووە بەسەریانا )[٨]

***

(من بەخوێنی خۆم شیعر گۆش دەکەم،
گەر چی دەزانم گیانێکیشم ئەوە،
شەو لە توێی خۆیدا گزنگ هەڵدەگرێ،
گەرچی دەزانی،
یەکەم تیری ڕۆژ بۆ جەرگی شەوە !)[٩]

***

(لەناو غەمی هێشتا کاڵی ئەم وەرزەدا
دا ئەنیشم
چاوم لێیە
چۆن ئەکرێمە ناڵی سورەوی
ئەم شەوگارە و
ئەنرێم بەپێڵاوەکانی هۆڵاکۆوە
هیچ دەنگ ناکەم



لەناو وشەی
سەرەتای گشت وشەکاندا
سەر ئەخەمە سەر ئەژنۆم و
سەیری هیچ لایەک ناکەم)[١٠]

***

(ئەگەر یەک ڕەنگم لە گەڵتا، تۆ دووڕەنگی
کە دوو ڕەنگ بووم، ئاوی حەو ڕەنگ
لەناو شووشەی،
فرمێسکی سپیما ، سەمای ڕەنگاوڕەنگی
ژیان ئەکات.
دە دەروازەی ئەم قەڵایەش بکەرەوە
با بۆ جارێک
تەنیا جارێک بێ بتبینم
بەمیوانی وەرە ناو دڵە تەنیاکەم
ئەگەر بەمیوانیش نایەی
بەرێبواری تێپەڕە تۆ
بۆنی هەناسەکەت ئەکەم)[١١]

کەچی ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پەخشانە شیعرەکانی: (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، سەلاح شوان، سەلام محەمەد)دا تائێستا نەیانتوانیوە بەدید و دیدگەی ڕۆشنبیری کوردی پەیوەستدار بن، خۆیان لە دید و دیدگەی ڕۆشنبیری عەرەبی و ئەوروپی بەدوور بگرن، یان بەواتایەکی دی بەڕوانینی کوردی پەخشانە شیعرەکانیان بنووسن، هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەو شاعیرانەی بەنموونە وەرمانگرتوون سەرەڕای ئەو کارە باشانەی کە بە ناوەندە ئەدەبییەکەیان بەخشیوە لەلایەنی

پەرەپێدانی هەستی شاعیریەتی کە ناو و ناوبانگەکەی زۆری بۆ دەستەبەر کردوون، کەچی زیاتر بە دید و دیدگەی بێگانە پێکهاتەی دەقە شیعریەکانیان دارشتووە و هەر لە کەش و هەوای شیعری عەرەبی و جیهانیدا خولاونەتەوە و کەمتر جیهانبینی کوردییان لا دروست بووە.

ڕوونتر بڵێین کەش و هەوایەکی تەواو کوردییانە لەناو دەقەکانیاندا نادۆزرێتەوە کە خاڵی جیابوونەوەی ئاشکرا بێت لەگەڵ شیعری عەرەبی و جیهانیدا. لەگەڵ ئەمەشدا لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا هەوڵی جیدی هەندێ شاعیر دەبینرێت وەک: (دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، ئەحمەدی مەلا، سەباح ڕەنجدەر) کە توانیویانە نزیک ببنەوە لە دید و دیدگە و ڕۆشنبیری کوردی و بەجیهانبینینی دوونی کوردی دەقە شیعرەکانیان دابڕێژن و کەش و هەوایەک دروست بکەن زیاتر کەش و هەوا و مۆڵکی کوردی بێت.

ڕەسەنایەتی دەقیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەش و هەوایەی دەقەکەی تێدا دەخولقێ و ناسنامەی ئەدەبی داهێندراو و نەتەوایەتی پێ دەبەخشێت:

(شەڕ دەستی پێکرد
ماڵم دەخەمە ناو جانتایەک و سبەینەیەکی زوو
قفڵێکی گەورە لە دەرگام دەدەم
بەپاڵتۆیەکی ڕەش ڕەشی تاریک
دەڕۆم کۆچ دەکەم
بەجارێ پشتم لەو شەڕە دەکەم)[12]

***

(لەم بێزارییەدا
کاتم پێویستە
ڕەگەکانم زیندوون



ڕووناکی بەخشن
لێرە بڕۆیت
ڕەگە هەڵکێشراوەکانت دێشن
سێبەری "بایەکان" پەرت دەبن
لەم بێزارییە
کاتم پێویستە
بۆ شۆڕبوونەوەی ناوەوەم
بۆ تێکەڵاو کردنەوەی سێبەر و ڕەنگەکان)[13]

***

(مەڵێن هیچ ڕوونادات لەژێر ئەم بلیمەتە تەواوە
بەرپەرچی دەدرێتەوە؟
جەستە دەبێتە "با"
ئاسانترین چارەسەری نزیک بوونەوە
دەست لێدانی تەپ و تۆزی زەردباوە
دەپەڕمەوە لە خۆم
پەنجە لە کەناری خۆم دەدەم
هێشتا گوڵەگەنمەکان نەیان دەزانی دەوری مانگ خۆڵەمێشە
دەوروبەری من زەمینێکی بێ مەیلە)[14]

***

(من ئاوێنەیەکی گەورە نوێنم
وەرە بەرم دەمارەکانی پێکهاتی چاوت ببینە بایی بە
تای بوومەلەرزە دەموچاوی زەوی سوور کردووە
لە نازێکی گەرم دایە
مار ڕاهێنەری تیپی مۆسیقایەتی

ئەی مۆسیقا نازی نەخۆشی زەوی ڕابگرە
هەوری بەختیاری لە حەوشەت دەزێ و داری گەنم سێبەرت بۆ دەکات
دوای ئەوەی تای بوومەلەرزە زەوی بەردەدات
کوێر
کەڕ
لاڵ
چاک دەبنەوە
ئاو دەڕژێتە باخچەی مالآن
گوڵەکان گفتوگۆ لەگەڵ میوانەکان دەکەن
باخچەی ژنی ژێری ماڵە
ڕۆژی لە دایکبوونی منداڵەکانی دەزانێت)[١٥]

## ئەنجام

لێرەدا دەگەینە خاڵێک کە هۆی ئەنجام ئەوەی شاعیرانی کورد زیاتر کاریگەرن بەئەدەب و ڕۆشنبیری دیدو دیدگەی عەرەبی و ئەوروپی، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە زۆربەی سەرچاوەی خۆ ڕۆشنبیرکردنی شاعیرانی کورد سەرچاوەی عەرەبی و ئەوروپییە. شاعیرانی تریش هەن سوودیان لە سەرچاوەی فارسی و ئەوروپی وەرگرتووە، بەڵام نەبوونە دەنگ و بدرەوشێنەوە.

زۆرێک لە ڕەخنەگر و نووسەران لەوە گەشبینن کە داهاتووی پەخشانە شیعر، داهاتوویەکی پڕشنگدارە و دەنگی نوێی شاعیرانی کورد بەرە بەرە دەگاتە ئەو ئاستەی کە هەوڵی جیددی و بوێرانە لە کاردابن بۆ ئەوەی شاعیرانی وەک: (دڵشاد عەبدوڵلا، جەلال بەرزنجی، ئەحمەدی مەلا، سەباح ڕەنجدەر) و چەندانی دی بتوانن کوردانە پەخشانە شیعر بنووسن و



کەش و هەوایەک لە دەقەکانیان دروست بکەن نزیک دیدو دیدگەی کورد و ڕۆشنبیری کوردی، تاوەک زۆربەی ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی جیهان. ئەمەش وامان لێ دەکات ئەو ڕاستییەش بخەینە ڕوو کە پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا دەقێکی کراوەیە و فرە لێکدانەوە هەڵدەگرێ.

ئەمە جگە لەوەی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا لەوانەیە ببێتە پاسەپۆرتێک بۆ بەدەنگهاتنی وشە و زمان کە پێکەوە جیهانێک لە نهێنییەکانی شیعری کوردی دروست بکەن.

لەمەدا دەگەینە ئەوەی کە بتوانین بڵێین پەخشانە شیعری کوردی لە شیکردنەوەی نهێنییەکاندا دەیەوێ بگاتە ئەو قۆناغەی کە هەوڵ دەدات خاسییەتی شیعر بەدەست بهێنێت بەبێ ئەوەی پشت ببەستێت بەو ئەرکانەی کە شیعر فەرزی کردووە.

٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٢- هەولێر

پەراوێز و سەرچاوەکان

١- جوني سكوت: اشكال جديدة في الشعر العربي الحديث (١٩٠٠-١٩٦٥، نيويورك، ١٩٣٦).
٢- هنري رايتر: أزمة في الشعر الانجليزي، ت: د.عبدالستار جواد، بغداد ١٩٩٠.
٣- د.عبدالستار جواد، قصيدة النثر في الادب الانجليزي، مجلة (الاديب المعاصر)، العدد (٤١) لسنة ١٩٩٠.
٤- بودلير، ازهار الشر، ت: د.خليل الخوري، بغداد ١٩٨٩.
٥- ادونيس: الاعمال الشعرية الكاملة، دمشق ١٩٧٠.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئونسی ئەلحاج، گۆڤاری (الاديب المعاصر)، ژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٩٠، دەربارەی بیروڕاکانی لەمەڕ پەخشانە شیعر.
٨- لەتیف هەڵمەت، خوا و شارە بچکۆلەکەمان، ١٩٧٠ کەرکووک، دەقی

(پەیکەرێک بۆ خۆم ئەتاشم)، ل٥٩-٦٠ .
٩- عەبدوڵڵا پەشێو، برووسکە چاندن، ٢٠٠١ هەولێر، دەقی (خۆکوشتن)، ل٨٠ .
١٠- سەلاح شوان، دڵدارەکەم پاییزە گەواڵەیەک نییە، ١٩٧٨بەغدا، دەقی (پرۆمیسیۆس سەیری ئاسمان ناکات) ل١٣٢-١٣٣.
١١- سەلام محەمەد، دەمەوئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە، ١٩٨٨ بەغدا، دەقی (ماڵئاوایی)، ل٨٧ .
١٢- دڵشاد عەبدوڵلا، بەفرنووس، ١٩٩٩ سلێمانی، دەقی (کۆتایی)، ل ٢١٣.
١٣- جەلال بەرزنجی، گەرمنەبوونەوە، ١٩٨٥ بەغدا، دەقی (سێبەری ڕەنگەکان)، ل٩.
١٤- ئەحمەدی مەلا، زەردەک، ١٩٨٨ژنێڤ، دەقی (پرسیارە سەرەتاییەکان)، ل٤٧.
١٥- سەباح ڕەنجدەر، ڕووەکەکانی خواوەند، ١٩٩٩ هەولێر، دەقی (ڕێزمانی کۆڵانەکان)، ١٠٦ .
ئەم سەرچاوانە و چەند سەرچاوەیەکی تریش بەکارهاتوون کە لەناو بابەتەکە دەستنیشانم کردوون.
ا- سوزان برنار، قصيدة النثر من بودلير الي ايامنا، بيروت ١٩٨٨.
ب- غالي شكري، شعرنا الحديث الى اين، دار الآفاق، بيروت ١٩٧٨.
ج- كمال خيري بك، حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، دار الفكر، بيروت ١٩٨٦.
د- ادونيس، سياسة الشعر، دار الآداب، بيروت ١٩٨٥.
ه- نازك الملائكة، قضايا الشعر المعاصر، مكتبة النهضة، بغداد ١٩٦٥.

*** لە ژمارە ٣٦ی گۆڤاری (ئاینده) بڵاوکراوەتەوە.**

## شاعیران لە جوگرافیای پڕ ماتەمدا

دەبێ کاروانی شیعر بەرەو کوێمان بەرێت؟

ئەگەر فەیلەسووفەکان وادەزانن ژیان و مانەوەی گەردوون بەپلەی سەرەکی پەیوەستە بەمانەوەی شیعر، ئەوا ئەو تێڕوانینە ڕاستی ناپێکێت، چونکە هەر تەنها بیرکردنەوە لەوەی جیهان هەتا سەر دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی شتێک بکات ئەو تێڕوانینە ڕەت دەکاتەوە. ئەوەی لە جوگرافیای شیعردا هەیە دوو جیهانی (ئێرە و ئەوێیە) کە لە جیهانی یەکەمدا شیعر نووسراوەتەوە و بەردەوامی جیهانی یەکەمە و هێماکانی ئاشکرایە. کەچی لە جیهانی دووەمدا شیعر دەنووسرێتەوە و بەردەوامی جیهانی یەکەمە و هێماکانی نائاشکرایە، هەر بۆیەش شیعری ڕاستەقینە جیا لە هەموو ژانرەکانی ئەدەب و تەنها لە جیهانی ئەوێندەرێ هەیە. لە ئەرکە هەرە پێشینەکانی شاعیریشە ئێمە بەرەو ئەو جیهانە بەرێت. لە نێوان ئەو خەونە و ڕوونبوونەوەی چارەنووس کاروانێک هەیە و شاعیران بەرێوەی دەبەن. کەچی دەشێت بپرسن: ئامانجی شاعیر لەو ڕێگایە بێ ئامانجە دەبێت چی بێت. چونکە هەروەک (شارل بۆدلێر) دەڵێت تەنها دزەکان هەمیشە لەو باوەڕەن سەرکەوتوون. شاعیریش ئەگەر خاوەن پەیامێک بێت و بەرگی شیعر جوانی کردبێت دز نییە، بەڵکو داهێنەرە بۆ ئاشکراکردنی



ئەو دزانە. هەر بۆیەش ڕۆشنبیریەتێک نیازی بێت ئامانجی شاعیر لە بەڕێوەبردنی ئەو کاروانە ئاشکرا بکات، دەبێت سەرەتا شوێن و پایەی لەو جیهانە پڕ لەپەلەقاژێیە بگەڕێنێتەوە، هەروەک (ئیمرسۆن) دەڵێت چونکە شاعیر مرۆڤێکی تەواو کامڵە لەنێو مرۆڤە ڕێژەییەکان.

کامڵبوونی مرۆڤایەتی شاعیریش لەو جوگرافیا پڕ ماتەمەی مرۆڤایەتی ئەگەر ئامانجێک نەپێکێت لە بەڕێوەبردنی کاروانەکە دەبێتە مرۆڤێکی دز هەروەک (شارل بۆدلێر)وا گوزارشتی لێ کردووە، بۆیەشە لە هەموو شت سەربکەوێت لە شیعردا سەرناکەوێت و نابێتە شاعیر.

جا شاعیری ڕاستەقینە ڕەهەندەکانی ئەو کاروانە لەوە دروست دەکات کە ئەو پێناسانەی بۆ جیهانی ئەوێندەرێ داندراون بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژێتەوە و بەرەو ئامانجی کاروانەکەی بەرێت کە خۆی بەڕێوەی دەبات بۆ گەڕاندنەوەی شوێن و پایەی ڕۆشنبیریەتی شیعر کە لەگەڵ ئامانجی ڕۆشنبیریەتی ڕاستەقینە هەردووکیان شاعیر لە حیساباتی ئەو جوگرافیە پڕ تەمەی مرۆڤایەتی دەردەهێنن.

سەرچاوەکان

١- بودلير بقلمة ... دار الاداب، بيروت، ١٩٧٩.
٢- گۆڤاری (الاقلام)، ژمارە (٨ - ١٠)ی ساڵی ١٩٦٦.

١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ هەولێر

*** لە ژمارە ٨٧ ی ڕۆژنامەی ڕزگاری بڵاوکراوەتەوە.**

## خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ دەق

تایبەتییەکانی هەر دەقێک لەو کاتەدا بەدیار دەکەوێت کە چ کاریگەرییەک لای خوێنەر، یان ڕەخنەگر دروست دەکات، یان بەمانایەکی دیکە چ گۆڕانکارییەک لەو تێگەیشتنانەی کە پێشوو لای خوێنەر - ڕەخنەگر هەبوو دەکات بەجۆرێک بۆ ئەو پرسیارە ماوانەی کە لە خوێندنەوە پێشووەکانی هەیبوو بتوانێ وەڵامی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، کە لەمیانی ئەو پرۆسەیەشدا ئاستی چێژ وەرگرتن بەدیار دەکەوێت.

خوێندنەوەی دەق خوێندنەوەیەکی ئیستاتیکییە، بەو پێیەی کە ئەگەر دەقێک نەبێت ناخوێندرێتەوە، یان بەو مانایەی خوێندنەوە چالاکییەکی ئیستاتیکییە بوونێکی هزرییە، چونکە کار کردنێکە لە ناواخنی دەق و جیاش نییە لە دەق.

هەروەک واباو بوو کە خوێندنەوەی دەق دەتوانرێ جیا بێت لە هەر خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ خوێندنەوەکانی دەقەکە، بەو پێیەی خوێنەر ئەو شتە وەردەگرێت لە دەقەکەوە دێت کەچی یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی کە لەمیانی خوێندنەوەمان بۆ هەر دەقێک لە سەرەتاوە تووشمان دەبێت ئەوەیە ئێمە ناتوانین بەسەرتاپایی لە یەکەم خوێندنەوەدا لە هەموو جیهانی دەقەکە بگەین. بۆیەشە بۆ ڕزگاربوون لەم گرفتە، گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین



بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەکانی ئەو دەقە پێویستە ئەو خوێندنەوە جیاواز و تێگەیشتنە جیاوازانە بدۆزینەوە کە لە ناواخنی دەقەکە بەدیار دەکەون. جا بۆ بەپرۆسە بوونی چێژ لە هەر دەقێکدا بەتایبەتی لەکاتی خوێندنەوەیدا بمانەوێ و نەمانەوێ، یان هەست پێ بکەین و هەستی پێ نەکەین لەناو خەیاڵماندا دەست دەکەین بەدروستکردنی وێنە، ئەویش بەو ئامانجەی لە دەقەکە بگەین.

هەمووشی لە پێناوی ئەوەی سەرە داوێک بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە بدۆزینەوە کە دەتوانین بەو هاوکێشەیە جوانتر دەری ببڕین:

(خوێنەر = دەق + خوێندنەوە + دروستکردنی وێنە (سازدانی وێنە)

ئینجا ئەگەر شیعر پرۆسەیەکی گەیاندن بێت ئەوا پرۆسەیەکی گوزارشت کردنیشە بەو پێودانگەی گەیاندنێکە بۆ ناخی خوێنەر، بۆ ئەوەی ئەو هەستەی لا دروست بکات کە شاعیر خۆی هەستی پێ دەکات.

بەمەش شاعیر ئەو موعاناتەی ناوەخۆی دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، یان بەمانایەکی دیکە بۆ خوێنەری ڕۆچووی دەقەکەش و هەوای ئەزموونی خۆی دەگوازێتەوە. بەمانایەکی دیکە بۆ خوێنەری ڕۆچووی دەقەکە کەش و هەوای ئەزموونی دەگوازێتەوە بەمەش پێکەوە لەژێر ساباتی کەش و هەوای خۆیەوە لە ئەزموونەکەیدا خوێنەر بەشداری دەکات. کەچی ئەو پرسیارەی هەمیشە لە هەر کارێکی ئەفراندناوی دووبارە دەبێتەوە چۆن بەشداری بکات لە هەر کارێکی ئەفراندناوی خۆی.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرەکە کە بەهەر وزەیەک بێت هەوڵ بدات ئەو دۆخەی تێیدایە لە دەقەکە بۆ خوێنەری بگوازێتەوە بۆ ئەو ئەزموونەی کە پاڵی پێوە ناوە ئەو دەقە ئەفراندناوەی بنووسێت. ئەگەر باوەڕیشمان بەوە هەبێت کە هەڵچوون و تێگەیشتن لەیەک ساتدا لە شیعردا ڕوو دەدەن، بەو پێودانگەی هەڵچوون ئەنجامی تێگەیشتنە بەمەش شاعیر دەتوانێت لە

دەقـەکـەیدا هەست و ڕوح و خـەیاڵی خـوێنەر بورووژێنێ بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە و چێژ وەرگرتن لێی. بۆ وروژاندنی خوێنەریش پێویستە شاعیر ئەو باوییەی کە بە شتەکانی داوە دەریان بهێنێ و سەر لەنوێ هەوڵ بدات بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دایانڕێژێتەوە.

بەو شێوەی کە خوێنەر شتەکانی پێ مامەڵە دەکرد هەمووی تێک بشکێنێ. بەمەش دەتوانرێ بنەمای ئەو داب و نەریتانەی خوێنەر مامەڵەی لەسەر دەکرد هەمووی بڕووخێنێ و ڕێسا و یاسای لە جێگای بنیات بنێ لە مەشدا تاکو خوێنەر بتوانێ ئەو هەستە باوانەی پێشووی شتی دیکە وەربگرێت، قووڵتر و بەمەغزاتر. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە ئەگەر وێنەی شیعری نەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ چڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان دەق و خوێنەر بەجۆرێکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر بەدیار بکەوێت، ئەگەر شاعیر خوێنەر بەرەو خوانی دەقەکە نەبا و ئاراستەی لێکۆڵینەوە و لێتۆژینەوەی لا دروست نەکا و وای لێ نەکا بەشدار بێت لە خوێندنەوە و هەستکردن بە ئێش و ئازار و ئامادەگییەکی بەرچاوی لا نەخولقێنی لە جیهانی دەقەکە. ئەوا چۆن دەتوانێ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان دەق و خوێنەر دروست بکات بۆ ئەوەی هەردوولا لە جیهانبینیدا یەک بگرنەوە. بۆیە هەمیشە شاعیر دەبێت وا هەست بکات کە مرۆڤێکی دیکەی لە ناوەوەی خۆیدا هەیە هەستێکی بەرزی لا دەخولقێنێ.

بەمەش جیهانی خۆی جیا لە جیهانی ئێمە دەبینێ. لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی خوێنەریشە ئەو ڕاستییە بزانێ دۆزینەوەی جیهانی ئەو شاعیرە پەیوەستە بەئەزموونی خۆی نەک شاعیرەکە. بۆیە ئەگەر لە شیعری هارچەرخدا گرنگییەکی زۆر بەخوێنەر و خوێندنەوە دەدرێت، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو شیعرە، بەوەی دۆزینەوەی کارکردنێکی جیاوازی شاعیرە، یان بەواتایەکی دیکە بەکارهێنانی کارە بەپێچەوانەی ئەو باوییەتی لای



ئێمەی خوێنەر دروست بووە، ببووە ڕێسا چونکە دۆزینەوەی جیهانێکی نوێیە لە ناکاو سەر دەکاتە سەر خوێنەر هزری ڕازی دەکات پێش ئەوەی سۆزی ڕازی بکات و بیلاوێنێتەوە. ئەو شیعرە یەکێ لە داواکارییەکانی ئەوەیە خوێنەرێکی ڕەسەن و باشی دەوێ، خاوەنی پێشبینییەکی ڕەسەن بێ، بەو پێودانگەی پرۆسەی خوێندنەوە تەواوکەری دەقەکەیە. ئەویش بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لای خوێنەر دروست دەبێت لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەوە.

ئینجا دەقی شیعر هەتا ئەو ئاستە لەگەڵ خوێنەر دەدوێت کە جیهانبینی تازەی لا دروست دەکات.

بەو پێودانگەی زۆر جار دەقی شیعرێک خوێنەر دەورووژێنێ و ئەو جیهانبینی پێشووی تێک دەشکێنێ، سەرەڕای ئەو وشیارییە باوەی کە هەیەتی. بەو پێیەی ناچاری دەکات جیهانبینی نوێی لا سەر هەڵبدات.

بەمە وێنەی شیعری بۆ خوێنەر یاساکانی وشیاری تێک دەشکێنێ بۆ سازدانی بنەمای تازەی وشیاری کە لەگەڵ وێنەی ئەو شیعرە بسازێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کاری خوێندنەوە نووسینەوەیەکی تازەی دەقە، نووسینەوە نوێ دەبێتەوە بەنوێبوونەوەی خوێنەر، بەو پێیەی دەقی شیعری کراوەیە و هەموو نووسینەوەیەکی تازە هەڵدەگرێ، لە دۆخێکی هەمیشەیی بەرەو تەواوبوونی کراوە دەچێت بەمەش نیوە نووسراوە، کاری خوێنەریشە ئەو دەقە تەواوبکات. هیچ گومانیشی تێدا نییە هەمیشە دەقی نوێ وەرگرتنێکی نوێی دەوێ، یان باشتر بڵێین چەند ئاستێکی نوێ لە خوێندنەوەی دەوێت، چونکە خوێنەر بەهەموو هەست و هزری خۆیەوە دەچێتە ناو دەقەکە بۆ ئەوەی بەکردار بەشداری بکات لە داڕێژتنەوەی دەقەکە.

١ی شوباتی ٢٠٠٣- هەولێر

سەرچاوەکان

١- د. عزالدين اسماعيل: التفسير النفسي للآدب، القاهرة ١٩٨٤.
٢- د. عزالدين اسماعيل: الشعر العربي المعاصر .. قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، دار العودة، بيروت ١٩٨١.
٣- د. كمال ابو ديب: دراسات في بنية القصيدة .. البنية والرؤيا .. التجسيد الايقوني، مجلة (الاقلام)، عدد (٥)، سنه ١٩٨٧.
٤- د. غسان غزوان: الصورة في القصيدة العراقية الحديثة، مجلة (الاقلام)، عدد (١١-١٢)، سنه ١٩٨٧.

*** لە ژمارە ٣٨ی ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر بڵاوکراوەتەوە.**

# پێڕست


چەمکی خۆشەویستی لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا ........ 7

شێواز لە دەقی ئەدەبیدا ........ 25

دۆزینەوەی یەکێتی خەیاڵ لە شیعردا ........ 51

شار وەکو دەق بەنموونە لە شیعری نوێی کوردیدا ........ 61

سەرەتایەک لە پەخشانە شیعری کوردیدا ........ 75

شاعیران لە جوگرافیای پڕ ماتەمدا ........ 95

خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ دەق ........ 97